

ئیسماعیل تەنیا

# بزربوونی ناوی کوردی
# لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

هەولێر 2008

ئیسماعیل تەنیا

# بزربوونی ناوی کوردی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا

هەولێر ۲۰۰۸

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

سەرپەرشتیاری کتێب :
**محەممەد گۆران**

* بزربوونی ناوی کوردی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا
* ئیسماعیل تەنیا
* پیت چنین و نەخشەسازی و جیاکردنەوەی رەنگەکان: کۆمپیوتەری دەریا
* چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەلات - هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخی (٣) سێ هەزار دینار
* چاپی یەکەم ٢٠٠٨

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٧٥٣)ی ساڵی (٢٠٠٨) پێدراوە

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

Xistin ser nêt:- çalak
chalakmuhamad@gmail.com

## پێشکەشە:

١- بەو مەلا کوردە رووناکبیرو پێشکەوتنخوازانەی کە لەشەستەکانو حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، مندالّەکانیان بەناوی کوردی ناوزەد کردووە.

٢- بەو دایك و باوکە کوردانەی ئەمڕۆو سبەینێ کە ناوی کوردی لەمندالّەکانیان دەنێن.

٣- بەمامۆستا مەلا سەمەد میرەکانی کە هەر هەشت مندالّەکانی بەناوی جوانو شیرینی کوردی ناودێر کردوون.

# پێشەکی

ماوەی دە ساڵێکە دەنگۆیەکی زۆر لەبارەی داکشانی ناوی کوردی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، لەئارادایەو، زۆر کەس، لێرەو لەوێ، چ لەمیانەی گفتوگۆی رۆژانەی ئاسایی، یان لەهەندێك کورتە گوتاری رۆژنامەنووسیدا، ئەو رازانەیان درکاندووە.. مامۆستایان، زێتر لەهەموو چین‌و توێژەکان، هەستیان بەو مەسەلە هەستیارە کردووە. چونکە ئەوان، رۆژانە مامەڵە لەگەڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەمنداڵانی کورد دەکەن‌و پەیوەندییەکی پتەوو بەردەوامییان پێیانەوە هەیە. هەر ئەوانیش لەمیانەی ئەو لیستە زۆرانەی خوێندکارەکانی بەردەستیان، توانیوویانە ئەو دیاردەیە بەدیبکەن.

توێژێکی تری ئاگادارو پڕ لەزانیاری لەبارەی ئەو داکشانە، کۆمەڵێك کارمەندو فەرمانبەری فەرمانگەکانی ناسنامەو، کاروباری کەسێتی‌و، رەگەزنامەو، نووسینگەکانی تۆمارکردنی لەدایکبوون و مردووانن.

دیاردەی کەمبوونەوەی ناوی کوردی‌و، زۆربوونی ناوی عەرەبی، ئەوەندە بەزەقی بەرچاو دەکەوێت، کە هەموو تاکێك دەتوانێت لەنێوەندی خێزان‌و، خزم‌و کەسوکارو، منداڵانی گەڕەکەوە، هەستییان پێبکات.

لەبەر نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەن‌و، بەرچاو خستنی ڕاستییەکان بەشێوەیەکی زانستییانە، کە پشت بە ئامارو داتاکانەوە دەبەستێت، هەوڵماندا‌وە، لەمیانەی ئەو کتێبۆکەی بەردەستتاندا، بوونی ئەو دیاردەیە، بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکراو، بەهێنانەوەی ژمارەی ناوەکان‌و ساڵی تۆمارکردن‌و گۆڕین‌و بەراورد کردنیان لەگەڵ چەند ساڵێکی پێشووتر، بخەینەڕوو.

بابەتەکەمان کردۆتە چەند بەشێکو، لەهەر بەشێکیشدا، ئەگەر بەکورتیو خێراییش بێت، ئاوڕمان لەناوەڕۆکی ناونیشانەکان داوەتەوە.

لەبەشی یەکەمدا، باسی گرنگی (ناو)مان لەهەموو کۆمەڵگەکاندا کردووە، کە دەکرێت بکرێتە پێناسەیەك بۆ ئەوەی کەسانی دەوروبەر، لەڕێگای ناوەکانەوە بتوانن کەسێتی نەتەوەیی تاکەکان بناسنەوە. هەر لەو بەشەدا، باسی ترسو دڵەڕاوکێی داگیرکەرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانمان کردووە. بەنموونەش ئەو ترسانەمان لەقۆناخەکانی مێژوودا خستۆتەڕوو.

لەبەشی دووەمدا، جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئایینی ئیسلام، لەهیچ قۆناخێکدا، ڕێگرو بەربەستی ئەوە نەبووە، کە نەتەوە موسڵمانەکان، ناوی تایبەتی نەتەوەیی خۆیان لەمنداڵەکانیان بنێن. ئەوەی ئەمڕۆکەش، خەڵکانێك بەناوی ئایینی ئیسلامەوە، لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، درێژە بەو ڕەوتە دەدەن، ئامانجێکی سیاسییان لەپشتەوەیە.

لەبەشی سێیەمدا، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیمان لەنێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٧)دا، کردووە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا، (٣٦٠٠) ناوی منداڵانمان لەتۆمارەکانی نووسینگەی (تۆمارکردنی لەدایکبوونو مردووان لەهەولێر)، وەرگرتووەو بەژمارەوە ڕێژەی سەدی ئەو دیاردە نا ئاساییەمان خستۆتەڕوو... بۆ زێتر دڵنیابوونیش، ناوەندێکی تری ناوی منداڵانمان بەسەرکردۆتەوە، کە ئەویش (خوێندنگەی ئەستێرەی سەرەتایی)یە. لە بەسەرکردنەوەو بەراوورد کردنی ناوەکانی خوێندکارانی ئەو خوێندنگەیەشدا، ڕاستییەکان، بەرجەستەتر بوون.

لەبەشی چوارەمدا، دیاردەی ناو گۆڕینمان -بەهەموو شێوەکانیەوە- بەسەر کردۆتەوە، کە زۆر بەزەقی لەلاپەڕەی (ئاگادارییەکان)ی ڕۆژنامە

کوردییەکاندا بەرچاو دەکەویت.. لەو بەشەشدا، لێکۆڵینەوەکەمان کردۆتە دوو بەند، جارێکیان (٢٤٢) ناو گۆڕینمان لەرۆژنامەکانی (خەبات و یەکگرتوو) وەك نموونە لەنێوان ١٢/٥/٢٠٠٥ تاوەکو ٢/١٠/٢٠٠٥ وەرگرتووە.. جارێکی تریش (٢٠٠) ناوی ترمان لەنێوان ١١/٩/٢٠٠٧ تاوەکو ٢٣/١٠/٢٠٠٧دا، لەرۆژنامەکانی (خەبات، کوردستانی نوێ، کوردستان ڕاپۆرت، هاوولاتی، زاری کرمانجی، جەماوەر، یەکگرتوو، هەواڵ) وەرگرتووە. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، زۆر بەوردی ناوە گۆڕاوەکانمان، بەژمارەو دەرهێنانی ڕێژەی سەدی دیاریکردووە.. کە لەحاڵەتی دووەمدا، سەرجەم شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستانی گرتۆتەوە.

لەبەشی پێنجەمدا، ئەو هۆکارانەم دەستنیشانکردووە، کە ڕوڵیان هەبووە، لەناو لێنانو ناو گۆڕین لەکۆمەڵگەکەماندا.

لەبەشی شەشەمدا، لەپێناوی بنبڕکردنی دیاردەی تەشەنەکردنی ناوی عەرەبیو، کەمبوونەوەی ناوی کوردیدا، چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەکم خستۆتەڕوو.

دوا بەدوای ئەوەش، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەم چڕ کردۆتەوەو، ئەو سەرچاوانەی کەسوودم لێوەرگرتوون، بەشێوەی ڕیزبەندی پیتەکانی (ئەبجەد) پۆلینو تۆمار کردووە.

لەدواجاردا، هیوادارم شتێکم بەشتێك کردبێت لەپێناو بەرز ڕاگرتنی ناوی شیرینی کوردیو، دەرخستنی ئەو دیاردە نامۆیەی کە چەند ساڵێکە خۆی کردووە بەماڵەکانماندا.

**ئیسماعیل تەنیا**

**نەورۆزی ٢٠٠٨**

# بەشی یەکەم:

# ناو ناسنامەیەکی نەتەوەییە

لەیادمە، لە وانەی ڕێزمانی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا، بەم شێوەیە پێناسەی (ناو) کرابوو، (وشەیەکە مانایەکی تایبەتی هەیە، بۆ ناولێنانی کەسێك یان شوێنێك یان ڕووەکێك یان گیانلەبەرێك یان شتێك بەکار دەهێنرێت). واتە، وشەیەکە بۆ جیاکردنەوەی تاکی ڕەگەزێك لەهاوڕەگەزەکانی یان ڕەگەزێکی جیا لەخۆی.

ئەم وشەیە، مانایەکی ئەوەندە فراوانو گرنگ لەخۆی دەگرێت، کەناکرێت لەهیچ کۆمەڵگەو نێوەندێکی نەتەوەییدا فەرامۆش بکرێو، حسێبی بۆ نەکرێت. هەر ئەو وشەیە ئاکارو باکراوندی من لەتۆ، تۆ لە ئەو، ئەو لە ئەوان، جیا دەکاتەوەو، ڕەنگو ڕوخسارێکی تایبەتییان پێدەبەخشێت.

نەتەوەو گرووپە جیاوازەکان، بۆ بەرگریکردن لەخۆیانو، پاراستنی مۆرکی تایبەتو، گەشەپێدانی زمانەکانیان، بەدرێژایی مێژوو، لەململانێدا بووینە... وەك سادەترین ئامرازی بەرگریکردن، ئەم کارتەیان بەکارهێناوە... (حەسەنو حوسەینو محەممەدو عەلیو مستەفا)یە نەتەوەی عەرەب لەنەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە.. هەر بەهۆی ناوەوە دەتوانین دەستنیشانی نەتەوەکان بکەین بۆ نموونە، ناوەکانی وەك: (دۆغان، ئۆرهان، ئایهان، ئایدن، نورای، ئەلپای، ئۆکەش...) تایبەتن بە نەتەوەی تورکو، بێ سێو دوو

لێکردن، دەتوانین ڕەگەزی ئەو ناوانە دەستنیشان بکەین. هەروەها کە ناوەکانی، (ئەپستۆلیۆس، ئەناستاسیۆس، تۆلیۆس،...) دەبیستین، یەکسەر نەتەوەی یۆنانیمان دێتەوە بیر.

خۆ زۆر جارانیش، دەڤەرێکی بەرتەسکی ئاقاری جوگرافیای وڵاتێک، بەهۆی ناوەکەوە، دەناسینەوە بۆ نموونە لەباشووری کوردستانی خۆشماندا، ناوی (خدر) زێتر تایبەتە بەناوچەی مەرگەو پشدەر. (نەجمەدین، شەمسەدین، فائیق..) تابەیتن بەکەرکوک. (تۆفیق، شەفیق، زاهیر، قوباد ،...) تایبەتن بەشاری (کۆیە). (ئۆمەر، مەغدید) تایبەتن بەدەشتی هەولێر.

گرنگیو بایەخی ناو وایکردووە، داگیرکەران بەدرێژایی مێژوو، لەهەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری ناوی ڕەسەنی نەتەوە داگیرکراوەکان بن... ئایینە جیا جیاکانیش ئەم سیستەمەیان پەیڕەو کردووەو، ئەو ناوانەیان هەڵبژاردووە کە لەگەڵ ڕێبازو پەیامەکانیاندا بگونجێت. نەتەوەکەی ئێمەش، بەدرێژایی مێژوو، بێبەری نەبووە لەم شاڵاوە بەپلان و نەخشە بۆ داڕێژراوە. داگیرکەران، هەمیشە لەهەوڵی گۆڕینی ئاکاری نەتەوایەتی کورددا بووینە. هەوڵیانداوە زمانەکەیان بشێوێننو، بەوشەی نامۆی بخەنە فەرهەنگەکەیەوە، تاوەکو بیکەنە بیانوویەکو، لەسەنگو شکۆی کەمبکەنەوە.

لەباکووری کوردستاندا، ڕژێمی داگیرکەری تورک، هەر لەبەرەبەیانی هاتنیان بۆ ئەو ناوچەیە، ئەو هەڵمەتەیان دەستپێکردووە، کە لەسەردەمی "ئەتاتورك" و نەوەکانی دوای خۆی، گەیشتە لووتکەی دڕندایەتی... ناوی هەموو شارو شارۆچکەو، گوندو، ڕووبارو، گردو لووتکە شاخێکیان گۆڕی، کە لادێنشینەکان، ناوە تورکییەکانیان لەدەمی سەربازە داگیرکەرەکانەوە

دەبیست[1]. ئەم هەڵمەتە ڕەگەز پەرستییە بەردەوامی خۆی وەرگرت، (... دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، زیاتر لە ٨٠٪ی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان نێوی تورکیان لەجێی نێوە کوردییەکان بەسەردا سەپێنرا. تەنیا بۆ نموونە لەویلایەتی ئاگری ٣٧٦و لەویلایەتی وان ٤٢٦و لەویلایەتی مووش ٢٨٩و لەویلایەتی بەتلیس نێوی ٢٢٩ گوند کران بەتورکی...)[2].

هەروەها تا ساڵی ١٩٨٦، بەمەبەستی لەناوبردنی ناسنامەی کوردی لە (ئادیەمان)و (غازی عەنتاب)و (ئورفە)و (ماردین)و (سێرت)و (ئامەد)، لەکۆی ٣٥٢٤ گوند، ناوی ٢٨٤٢ گوند، گۆڕا بوون[3].

تورکیا وەنەبێت هەر لەتورکیاو کوردستاندا، پەیڕەوی ئەو سیاسەتە شۆڤێنییە بکات، بەهەرچی شێوەیەك بۆی لوا بێت لەسەرانسەری جیهاندا، لەهەوڵی تواندنەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا بووە... دەستی گەیشتبێتە دوورترین گۆشەی جیهان، بەهۆی فشار خستنە سەر ئەو دەوڵەتانەوە، ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کردووە... ناو لێنانی ئارەزوومەندانە، بەسادەترینو سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت، کەچی تورکیا، ئەو مافە لەو هاووڵاتییە کوردانەش زەوت دەکات، کە لەبەر باری سیاسیو ئابووری وڵاتەکەیان، ناچار بووینە بۆ هەندەران سەرهەڵبگرن.

---

١- رجائي فايد- أحمد بهاءالدين، أوجلان الزعيم... والقضية، القاهرة، ١٩٩٩، ص٣٢٦.

٢- گۆڤاری (رابوون)، ژمارە (٢٠)، ساڵی ١٩٩٧، سوید، ل٢٤.

٣- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەبوبەکر خۆشناو لەفارسییەوە کردوویە بە کوردی، لەبڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران لە هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، ل٦٩٦.

بەهۆی فشاری تورکیاوە، کوردە نیشتەجێکانی وڵاتانی ئەوروپا، بەناسنامەی تورکەوە ناسدەکرێن.... هەر بۆیەش دەبێت پەیڕەوی ڕێو ڕەسمی دەوڵەتی تورکیا بکەنو، گوێڕایەڵی بڕیارو ئامۆژگارییەکانی قونسوڵخانەکانی بن لەدەرەوە. بۆ نموونە، (کوردەکانی تورکیا لەهۆڵەندا ناتوانن ناوی کوردی لەمنداڵەکانیان بنێن گەر هاتوو قونسوڵییەتی تورکی لەهۆڵەندا ئەو ناوە پەسەند نەکات. ئەو قونسوڵییەتە لیستی تایبەتی ناوی تورکی لایەو ئەو ناوانەی لەو لیستەیەدا نەهاتبن ناتوانرێت لەمنداڵان بنرێت)[1].

لەکۆتایی مانگی ئەیلولی ٢٠٠٣دا، دادگای بەرزی تورکیا، بڕیاری قەدەخەکردنی هەر ناوێکیدا، کە بۆنی جوداخوازیو نەتەوایەتی لێبێت.. ئەم ئاماژە پێکردنە، تەنها نەتەوەی کورد لەتورکیا دەگرێتەوە کە ئەم مەرجانەی دەوڵەتی بەسەردا بسەپێنرێت... هەر لەو پێودانگەدا، لەشاری ئورفە (ڕوحا)دا، منداڵێکی تەمەن حەوت هەشت ساڵان کە ناوی (وڵات) بووە، لەکاتی چوونە نەخۆشخانەدا بەنیازی چارەسەریو دەرمان وەرگرتن، هەر لەبەر ناوە کوردییەکەی، دکتۆرە شۆڤێنیەکانی تورك چارەسەرییان نەکردووەو، دەرمانیان پێنەداوە[2].

---

١- مەریوان وریا قانیع، ناسیۆنالیزمی دوور مەودا کورد لەدەرەوەی کوردستاندا (دۆخی هۆڵەندا) ڕەهەند، ژمارە (٩-١٠)، ساڵی ٢٠٠٠، ل٧٣.

٢- ماڵپەڕی پەیامنێر www.peyamner.com ، ڕۆژی ٢١/١/٢٠٠٥، ئەویش لەکەناڵی ئاسمانی (ڕۆژ T.v) گواستۆتەوە.

تورکیا ئەوەندە هەستیارە بەرامبەر بەوشەی کوردیو ناوی کوردستان، گەر بۆی بچێتە سەرو لەدەستی بێت، ناوی ئەو تەیرو تاڵو گیاندارانەی کە لەئینسکلۆپیدیاکانیشدا، بەکوردی ناوزەد کراون، دەکاتە تورکی[1].

هەر لەبەر ئەو دەمارگرژییە، (کوردستان محۆ)یش لەهاوینی (٢٠٠٥)دا، نەیتوانی سەردانی کەسوکارەکەی بکاتو، بە (کوردستان)ی زێدەوە شاد بێت[2].

---

١- بەپێی هەواڵی (BBC)، تورکیا ناوی (وۆلیس کوردستانیکا)و (ئۆویس ئارمینانا)و (کابرنۆلوس ئارمنوس)، کە چەند جۆرێکی رێویو بەرانە کێویو کەڵەکێوینو، بە لاتینی لەسەرچاوە زانستییەکانی دنیادا بەکارهاتوون، گۆڕیووە... وەزارەتی ژینگەی تورکیا دەڵێت" بەداخەوە زانایانی دەرەوە، کە بەدرێژایی چەندین ساڵ خۆیان بە لێکۆڵینەوە لە گیاو گوڵو، جۆرەکانی گیاندارانی تورکیاوە خەریک کردووە، چونکە زۆربەی ئەو جۆرە گیاو گیاندارانەیان پێشتر نەدیبوون، هەر بەخەیاڵە چەوتەکەی خۆیان، نێویان لێناونو، لەنێونانی زۆربەیاندا، نیازیان خراپ بووە. ئەو نیاز خراپییە بەرادەیەکە کە هەندێ ناوی وایان لەو جۆرە گیاندارانە ناوە، کە دژی یەکپارچەیی ئەم وڵاتەیە....

هەر لەو بارەیەوە (مستەفا کەمال یالین قلیج)ی بەڕێوەبەری گشتی پارکە میللییەکانو، باخچەی ئاژەڵانی تورکیا دەڵێت" ئێستا گەمەی سەیر لەدژی وڵاتەکەمان لەئارادایەو، هەندێ کەس بەنێونانی چەند جۆرە گیاندارێکی ئێمە، هەوڵ دەدەن جەخت لەسەر ئەوە بکەن، کە کوردو ئەرمەنی لەوڵاتی ئێمەدا ژیاون... ئێمە بەگۆڕینی ئەو ناوانە، کۆتایی بەو گەمەیە دێنین...).

بۆ زێتر زانیاری بڕوانە: BBC: تورکیا وشەی کوردیو ئەرمەن لەناوی گیاندارانەدا دەسڕێتەوە، ماڵپەڕی پەیامنێر www.peyamner.com، رۆژی ١٢/٣/٢٠٠٥.

٢- کوردستان محۆ، ئافرەتێکی باشووری کوردستان بوو، لەحوزەیرانی ٢٠٠٥دا، ویستی لەئەورووپاوە، بەرێگای تورکیاوە، سەردانی کەسوکارەکەی لەباشووری کوردستاندا

لەکوردستانی باشووریشدا، لەسەردەمی رژێمی بەعس، بەتایبەتیش دوا ساڵەکانی تەمەنی، گەیشتە چڵەپۆپەی شۆڤینیەت. لەسەرەتادا، زۆربەی هەرە زۆری ناوی شارو شارۆچکەو گوندەکانی کردە ناوی عەرەبی.. هەر بۆ نموونە، شارێکی گرنگو ستراتیژی وەك کەرکوك، پشکی هەرە زۆری ئەم شاڵاوەی بەرکەوت. ناوە کۆنو مێژووییەکانی گەڕەکە میللیەکان کرانە عەرەبی. ئەم شاڵاوە مزگەوتەکانیشی گرتەوە. بۆ نموونە گەڕەکەکانی، (ڕەحیماوا، موسەللا، گاورباخی، حەمام عەلی بەگ، ئازادی، پیریادی، کرانە، حي الاندلس، حي خلفاء، حي عدنان، حي الفارس وحي الأمراء، حي النخوة، حي الصفا.. مزگەوتەکانی، مەلا سەعیدی رۆژبەیانی، سەید ئەحمەدی خانەقا، ئیبراهیم پاشا، عەلی بەگ، مەلا ئەحمەدی زەند، ئەحمەد ئاغا، وەلی پاشا، کرانە، حارث بن زید، القادسیة، القعقاع، عباس بن عبدالمطلب، عمر بن عاص، سهیل بن عمر، قعقاع بن عمر التمیمي...)[1].

قوتابخانەکانیش، کە بەهۆی رێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠وە، ئاهێکیان وەبەر هاتبۆوەو، زۆربەی زۆریان کوردی بوون، بەهۆی لەبارچوونی ئەو رێککەوتنامەیە، ئەم دەستکەوتانەش لەدەست چوون. لەساڵی (١٩٧٤) بەدواوە، هەموو سیمایەکی نەتەوایەتی کوردییان، لەکەرکوك سڕییەوە.

---

بکات... بەڵام نووسینگەی هێڵە ئاسمانییەکانی تورکیا رێگەی سەفەرکردنیان پێنەدا، چونکە ناوەکەی (کوردستان) بوو. لەبەر ئەوە پێیان گوت" ئێمە حەساسییەتمان لەگەڵ ئەو ناوەدا هەیە. بڕوانە: ماڵپەڕی www.kurdistannet.org، رۆژی ٢٠٠٥/٦/٨. بەشێك لەئاژانسە عەرەبیو جیهانییەکانیش، ئەم هەواڵەیان بڵاوکردەوە.

١- غەفوور مەخمووری، بەعەرەبکردنی کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (٢٣)، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٥٤.

پرۆگرامەکانی خوێندنیان کردە عەرەبی، ناوی قوتابخانەکانیان گۆڕی. بۆ نموونە، قوتابخانەکانی (پیرەمێرد، مەولەوی، هەڵمەت، بەرزان، بێکەس کرانە، ئیدریسی، ئەلعراقیە، ئوم ئەیمەن، ئەلحەسەن ئیبن ئەلهەیسەم)[1].

رژێم بەو سیاسەتە توونددو تیژەش، دڵی ئۆقرەی نەگرت. چونکە دەیزانی خەڵکی خۆڕاگری کەرکوك، بەهەرچی شێوەیەك بێت، هەوڵ دەدەن، ناسنامەی خۆیان بپارێزن.. بەسەدان شێوە هەوڵی بەعەرەبکردنی کەرکوکیدا. پاش گۆڕینی گەڕەكو شەقامو قوتابخانەو مزگەوتو کۆگاو شوێنە گشتییەکان، بڕە پارەیەکی زۆریشی خستە گەڕ وەك پاداشت، بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ناسنامەی خۆیان، لەکوردەوە بکەنە عەرەب، ئەمەشی بۆ نەچووە سەر، تا ساڵێك پێش لەناوچوونیان، سەرانی بەعس لەکەرکوك، لەکۆبوونەوەیەکی رۆژی ٢٢/٤/٢٠٠٢دا، (نووسراوێکیان بۆ "مديرية الجنسية العامة" لەبەغدا بەرز کردۆتەوەو، داوایان کردووە کەمندالانی کورد بەناوی کوردی ناو نەنرێنو، هەوڵیش بدرێت خەڵك هانبدرێت بۆ گۆڕینی ناوی غەیرە عەرەبی بۆ ناوی عەرەبی، کە ئەمەش هەر کورد دەگرێتەوە...)[2].

هەروەها لەسوریاشدا دان بەبوونی کورد وەك نەتەوەیەکی جیا لەعەرەب، نانرێت. ئەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو لەو بەشەی کوردستاندا، کردوویەتی، رژێمی فەرمانڕەوا، لەهەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دایە. لەم بوارەدا، چەندین

---

١- غازی حەسەن، خوێندنی زمانی کوردیو سیاسەتی بەعەرەبکردنو راگواستنی کەرکوك پیلانی جینۆسایدە، گۆڤاری (پەیامی ئازادی)، بەرلین، ژمارە (٣-٤)، ئادارو گەلاوێژی ٢٠٠٢، ل٢٣.

٢- غەفوور مەخمووری، بەعەرەبکردنی کوردستان، ل٦٥.

بڕیاری دەرکردووەو، بەپراکتیکیش ئەنجامیداوە. ناوی دەیان گوندو شارۆچکەو کێڵگەی کشتوکاڵی لەکوردییەوە کردۆتە عەرەبی[1]. هەر ماڵباتێک کە منداڵێکیان دەبێت، بەئارەزووی خۆیان ناوێکی لێدەنێن، کە ڕەنگ لەناسنامەی نەتەوایەتیان بداتەوە، لەدائیرەی نفوس تۆماری دەکەن. پاشان دائیرەی نفوس ئەو ناوە بۆ دەزگاکانی ئەمنو ئیستخبارات دەنێرێت. ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە، لەگەڵ لیستی ئەو ناوە عەرەبییانە بەراوردی دەکەنو، ناوەکە دەگۆڕن. پاش شەش مانگ، وەڵامەکە دەنێرنەوەو، ناوێکی عەرەبی، بەبێ ویستی دایکو باوکو تەواوی ماڵباتەکە، بەسەر منداڵەکە دەسەپێنن[2]، کەهیچ پەیوەندییەکی بە ناسنامەو یادەوەری نەتەوەیی، ئەو منداڵەوە نییە.

لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش، دیارە بەهەمان شێوە، لەهەوڵی پاکتاوکردنی ئاسەواری کوریدان. بەڵام لەوێ بەناوی نەتەوەی باڵادەست ئەم کارە ناکەن، بەڵکو بەناوی ئایینی ئیسلامو ئایدیای کۆمۆنیستییەوە[3]، لەدەرەوەش ئەم

١- سلمان ابراهيم داوي، الكرد، العرب والبعث، برلين، ٢٠٠٢، ص١٦-٢٢.

٢- نفس المصدر، ص٣٣.

٣- لە ٢٦/١١/٢٠٠٣دا، رادیۆی کوردی (زرێبار) کە لەستۆکهۆڵمەوە بەرنامەکانی خۆی دەوەشێنێت، گفتوگۆیەکی لەگەڵ کچێکی کوردی تەمەن ١٧ ساڵاندا بڵاوکردۆتەوە... ئەو کچە گوتی" دایکو باوکم ژیانی منیان تێکداوە، بیروڕا سیاسییەکانی خۆیان بەسەرمدا دەسەپێنن... زۆرم لێدەکەن کە لەجیاتی کوردی وەك زمانی زگماك، زمانی فارسی لەفێرگەدا بخوێنم، دایكو باوکم، ناوە کوردییەکەمیان بۆ ناوێکی فارسی گۆڕیوە. ئەوان چیدی بەناوە کوردییەکە بانگم ناکەن. چوونە جەژنو شەوانی کوردییان لێقەدەخە کردووم. بۆم نییە کتێبی کوردی بخوێنمەو. کاتێك کە

سیاسەتە پیادە دەکەن. بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەنماڵباتی کورد، ناوی کوردی لەمنداڵەکانیان نەنێن. لەم بوارەدا، زۆر ڕێگرو ئاستەم دەخەنە بەردەم هاووڵاتیانی کورد لەرۆژهەلاتدا[1].

لەبەردەم ئەو هەموو شالاوەی داگیرکەراندا، پێویستە ئێمەی کورد، زیتر هەست بەلێپرسراویەتی نەتەوایەتیمان بکەین‌و، چمکی ئایین بەلاوە نێین.. هەر چەندە هیچ ڕێو رەسمێکی ئایینی، ئەگەر بەتەواوی پەیڕەو بکرێت، ڕێگر نەبووە لەبەردەم ناوی کوردی... بەسەدان مەلای دوازدە عیلم و مەلەوان لەزانستەکانی ئایینی ئیسلام، ناوی کوردییان لەمنداڵەکانیان ناوە... خۆم لەم بابایانەم بیستووە کە ئایینی ئیسلام ڕێگر نییە بۆ هەڵبژاردنی ناو، بەمەرجێك کاتێك کە منداڵەکە گەورە بوو، ناوێکی وای لێنەنرابێت کە شەرم بکات‌و هەست بە نەنگی بکات. دواتر خۆ مەرج نییە هەموو ناوێکی عەرەبی پیرۆزو خاوەن مانای گەش‌و رازاوە بن. بەسەدان ناوی عەرەبی هەن، گەر کرانە کوردی، دەبنە مایەی پێکەنین‌و گاڵتەجاڕی، کەچی لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا پانتاییەکی فراوانیان داگیر کردووە. نموونە سەیری ئەو ناوانە بکەن، (چەلوب، کولەیب، چلێب، شەجەر، حەنزەل، ئەبو هریرە، قرثمە، رقیە، حردان،

---

رادیۆکە هۆکاری ئەو رەفتارەی دایك‌و باوکی پرسیاری لێدەکەن، ئەو لەوەڵامدا دەڵێت" دایك‌و باوکم دەڵێین" کورد خەڵکێکی دواکەوتوون‌و، ژنان دەکوژن. ئەو پاشتر ئاشکرای کرد، کە دایك‌و باوکی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانین.. بڕوانە: ئیدریس ئەحمەدی، مارکسیزم‌و رەگەزپەرستی لەکوردستاندا، ماڵپەڕی کوردیش پلاتفۆرم www.kurdishpLatform.org، ١٩/١١/٢٠٠٤.

١- مەجید پوور، شیکردنەوەیەك لەسەر پێداچوونەوەیەك، بەشی دووهەم، گۆڤاری (هاوار)، شاری ئێسن، ئەڵمانیا، ژمارە (١٣)، بەفرانباری ٢٠٠٣، ل٣٢.

حوتەیئە، عباس، شوکت.. تاد). کە ئەگەر تەرجەمەی کوردی کران، دەبنـە، (سەگی هار، گوجیلە، کودو، گوژاڵك، باوکی پشیلە، تەپاڵە، کۆیلە، تـوورە، فس، گرژو مۆن، درِكو چقلّ...).

هەروەها لەناوی ئافرەتانیش، کۆمەڵگەی دواکەوتووی کـوردی، لەبەرچـاو لێکەرییەکی کوێرانە، بێ ئەوەی لەماناکەی بگەن، هـەر لەبـەر ئـەوەی ئـەو وشانە عەرەبین‌و، لەقورئاندا هاتوون.. بێ ئەوەی بپرسن ئەم وشانە چۆن‌و، بـۆ چ مەبەستێك، بەکارهاتوون، ئەو ناوانەیان بەبالاّی سەدان گەنج‌و کچی شۆخ‌و شەنگ‌و بالاّ زراڤ، برِیووە.. بێگومان ئەگەر ماناکەی بزانن، شـەرم لـەخۆیان دەکەن‌و، گلەییەکی زۆریش لە دایك‌و باوك‌و ماڵباتـەکانیان دەکـەن. سـەیری ئەم ناوانـە بکـەن، (عاسـیە، زەنوبـە، کـەزیبان، رەعنـە، حەفنـە، سـوهام، ئیلاف)، کە کرانە کوردی دەبنە، (یاخی بوو، تاوانبار، زۆر درۆزن، تووندوتیژ یان بێ عەقلّ، بۆگەن، قرچەی گەرما، هەتك کردن یان خوو..).

جگە لەمانەش، ئەوانەی داکۆکی لەئایینی ئیسلام دەکەن، ناوی عـەرەبی وەك بیانوویەك بۆ دڵسۆزییان بۆ ئایینەکەیان، بەکاردەهێنن‌و، پێیان وایە، ناو لێنان بـەکوردی‌و، پشـت کـردن لـەناوی عـەرەبی، هۆکارێکـە بـۆ پچـرِانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەئایینەکەیان، کە بەدرێـژایی ١٤٠٠ سـاڵە، کـورد پابەندە بەو ئایینەو، خزمەتێکی زۆریشی کردووە.

لەرِاستیدا، ئەو بیانوویە بنەمایەکی زانستی‌و تۆکمەی نییە، چـونکە هـیچ نەتەوەیەك بەقەد کورد وابەستەی ئایینی ئیسلام نـەبووەو، نییـە... لەشـارێکی گەورە بگرە، تا دەگاتە کوێرە دێیەك، مزگەوت‌و مەلاو حوجرەی ئایینی تێدایە.

خاوەنی ئەو بۆچوونانە، باسـەیرێکی نوێـژی هـەینییان لەشـاری هـەولێر (تەنها وەك نموونـە) بکـەن، کـە لەبـەر زۆری‌و پاڵەپەستۆ، جێگـا نـەمان

لەژوورەوە، زۆر کەس ناچار بووینە لەدەورو پشتی مزگەوتەکان بەرماڵو دوگرد رابێخنو، لەسەر شۆستەو دەوروبەری مزگەوتەکان، نوێژ بکەن... مەرج نییە ئەو خەڵکانە لەڕووی سیاسییەوە، وابەستە بن بەو پارتو گرووپە ئیسلامییانەی کە ئەمڕۆکە بوونەتە هۆکارێکی سەرەکی بەعەرەبکردنی ناو لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا.

هەقمانە لەخۆمان بپرسین، بۆچی نەتەوە موسڵمانەکانی دەورو پشتمان، کە بەئاگرو ئاسن مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، ناوێکی کوردی لەمنداڵەکانیان نانێن؟! بۆچی هەر دەبێ ئێمە خۆمان بەکەم بزانین و، بەخزمەتکاری ڕازی بین؟! هەر کوردە ناوی، (محەممەدو حەسەنو حوسەینو ئایهانو ئایدنو ئۆرخانو ئەرسەلانو فەلا مۆرزو...) لەمنداڵەکانییان دەنێن. خەڵکێکی ترمان نەبیست، ناوی (شوانو بەختیارو کاوەو خانزادو سروەو ئاوات)، لەمنداڵەکانییان بنێن!!

زۆر جارانیش بەهۆی لاسایی کردنەوە لەکاتی ناو لێناندا، مانای ناوەکە لەعەرەبییەوە بۆ کوردی لەکاتی گۆکردندا، گۆڕانێکی ڕەگ و ڕیشەیی بەسەردا دێت... ئەویش بەهۆی نەبوونی پیتەکانی (ث، ظ، ط، ذ) لەزمانی کوردیدا. بۆ نموونە ناوی (ثامر)ی عەرەبی، مانای (بەرهەم) دەگەیەنێت، بەڵام کورد بە (سامر) دەریدەبڕن. لەو کاتەدا، ماناکەی لە (بەرهەم)ەوە دەبێتە (شەوبێری). هەروەها ناوی (حافظ) لە (پاراستن)ەوە هاتووە، کەچی کورد (حافظ) دەکاتە (حافز)، کە مانای (کوێر) دەگەیەنێت[1].

---

١- محسن عبدالرحمان، ناڤ... ناسناما نەتەوەیی، گۆڤاری (هاڤیبوون) ژمارە (١٢-١٣)، ٢٠٠٢و ٢٠٠٣، بەرلین، ل١٠٤.

لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەتایبەتی لەنیو سەدەی ڕابردوودا، هەڵمەتێکی باش هەبوو بۆ بەکوردی ناولێنان مەلایەکانی کوردستان، دەستێکی باڵایان هەبوو لەچەکەرەکردنی ئەم بیرە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەیە.. منداڵەکانیان بەکوردی ناودێر کردوون. ئەو کات، لەوانەش بوو، فشارێکی داگیرکەرانەش لەئارادا بووبێت. وەلێ مخابن، دوای راپەڕین و ئازادی و، نەبوونی فشاری داگیرکەران، بەهۆی تەشەنەکردنی بیرو بۆچوونی کۆنە پارێزو، دوور لەشارستانیەت، کە هەندێك لەڕێکخراوو پارتەکانی کوردستان، بانگەشەی بۆ دەکەن، بەسەدان ناوی عەرەبی جێگای ئەو ناوە خۆش ئاوازو مانا بەخش و بەسۆزانەی کوردی گرتۆتەوە.

سەدان خێزان هەیە، دایك و باوك ناوێکی کوردی خۆش و رەسەنیان هەیە، کەچی منداڵەکانیان بەناوی عەرەبی ناودێر کراون، کە دەربڕینیشیان زەحمەتێکی پێوە دیارە. دایك و باوك هەن، ناویان، (ئاکۆو ژیان، شوان و نازەنین، کامەران و پەیمان، فەرهادو سۆزان، هیواو شیرین)ە کەچی منداڵەکانیان ناویان، (محەممەد، حوسێن، عەبدولباری، ئەیمەن، ئوسامە، رەیان، ئومیە، عائیشە، ئیمان)ە.

خۆ زۆر کوردی بەتەمەن و خوێندەواریش، لەژێر کاریگەریی و وابەستەبوون بەو تەوژمانەوە، ناوەکانی خۆیان لە (رۆژان، پشتیوان، کاردۆ، ئامانج) کردۆتە، (مەلا عەبدوڵلا، عەبدولڕەحیم، عبدالباری، عەبدولقەهار).

ناو دەبێت، مانا بەخش بێت. ماناش لەفەرهەنگی نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر، جیاوازی هەیە. ناوەکانی عەرەبی، (قادر، ئەنغام، ئەمەل، سابر، ثەروەت، ناصر، مەعروف، صادق، صامد)، ئەگەر کرانە کوردی، چەند خۆش و سووك و رەوان دەبن، (توانا، ئاواز، ئاوات، ئارام، سامان، سەرکەوت،

ناسراو، راستگۆ، خۆگر). لەهەڵبژاردنی ناودا، پێویستە دژایەتی لەگەڵ هیچ ئایینو نەتەوەو رێو رەسمێکی کۆمەڵایەتیدا نەبێت. ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا بوو، بێگومان هیچ بیانوویەك لەئارادا نامێنێت، کە منداڵەکانمان بەناوی رەسەنی کوردی ناوزەد نەکەین.

برادەرێکم گێڕایەوەو گوتی، (لەشاری ستۆکهۆڵمی سوید، لەیەکێك لەکارگەکاندا کارم دەکرد. سویدییەك گوتی، تۆ عەرەبی؟! گوتم، نەخێر. گوتی، ئەدی بۆچی برادەرێکی عەرەبم هەبوو، وەك تۆ ناوی عەلی بوو)!! کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەو راستییە، کەناو چەند گرنگە، بۆ ناسینەوەی تاکەکانی نەتەوەیەك لەهەر کۆمەڵگەیەکدا.

لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا، برینەکان زۆر لەوە قووڵترن، بەڵام بە بۆچوونی من، یەکەم هەتوانی سەرەکی سارێژ کردنی برینە قووڵەکانمان، خۆ ناسینو، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتیو، پاراستنی زمانەکەمانە، چونکە (ئەوەی کۆمەڵگە بەپێوە دەهێڵێتەوە زمانە.. گەلێك کەگرنگی بەزمان نەدەن، هەموو کاتێك لەخەباتیاندا، شوێنێکیان دەبێت کەخوێنی لێ بچۆڕێت)[1].

توڕدانو گۆڕینی ناوە عەرەبییەکان و بەکوردی کردنیان، یەکێکە لەکۆڵەگەکانی هوشیاری نەتەوایەتیو، خۆ بەخاوەن زانینی، کە ئەمەش هەتوانێکەو، دەبێت هەموومان لەهەوڵی دابینکردنیدا بین..

---

١- ئیسماعیل بێشکچی، رۆشنبیرانی کورد ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، وەرگێڕانی لەتورکییەوە" شکریە سالحو فرات کەلەهکی، کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٧٠٢)، ٢٠٠٥/٦/٢٠، ل٩.

# بەشی دووەم:

## ناو لەڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە[1]

ئەو خەڵکانەی بانگەشە بۆ بەئیسلامی کردنو عەرەبیکردنی ناو لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا دەکەن، پێیان وایە، دەبێت هەموو ناوەکان لەو سەرچاوەیەوە، جۆگە هەڵبەستێت. بەپێچەوانەی ئەوەش هەر ناوێکی لەو بازنەیە بەدەر، بێهێز بوونی وابەستەیی تاك بەئایینی ئیسلامو، قورئانو، فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، دەگەیەنێت.

بەڵام لەڕاستیدا، بەگەڕانەوەو پشت بەستن بەئایەت و فەرموودەکان تەواوی ئەو بانگەشە سیاسی ئامێزە، پوچەڵ دەبێتەوە. ئەو کەسانە لەپێناو گەیشتن بەئامانجە سیاسیە دوور مەوداکانیان، خەڵکی سادەو، ڕەشو ڕووتی کوردەواری لەخشتە دەبەنو، بەئاڕاستەیەکیان دادەبەن، کە سەرەنجام، بەخزمەتکردنی کولتوری بێگانەو، پشت کردن لەزێدو کولتوری کوردەواری، دەشکێتەوە.

---

1 - بۆ نووسینی ئەو بەشە، سوودێکی زۆرم لەو دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە"

- ڕێنماییەکانی (یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان- مەکتەبی سکرتارییەت) کە بەناوونیشانی" کێ دەڵێت ناوی کوردی حەرامە؟! کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٤٥٨)، ٢٩/٨/٢٠٠٤، ل٨.

- مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتگی، ناوی کوردی... ڕەهەندێکی بەهێزی ناسنامەی نەتەوایەتیمانە، میدیا، ژمارە (٣١٠) ٩/١٠/٢٠٠٧، ل١٢.

لەڕاستیشدا، ئایینی ئیسلام لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، تا ڕۆژگاری (خەلیفەکانی ڕاشیدین)یش، لەسەر هیچ نەتەوەیەکی فەرز نەکردووە، کەهەر دەبێت ناوی مندالّەکانیان (عەرەبیو ئیسلامی) بێت.

خاوەنی ئەو بۆچوونانە پێیان وایە، پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی، (**خير الأسماء ما حمد وعبد**). هەر چەندە بەپێی داخۆیانی (یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان) سەنەدی حەدیسەکە زەعیفە. یان وەك (إبن القيم) دەڵێت، (وكان محمد "ص" يستحب الاسم الحسن)، بەلاّم فەرزی نەکردووە کە ناوەکە تەنیا عەرەبی بێت.

ئەگەر بەوە بێت کە پێغەمبەر بەپێویستی زانیبیو، فەرزی کردبێت کەناو دەبێت (عبدو حمد)ی لەگەڵدا بێت، ئەدی بۆ کوڕەکانی خۆی ناو ناوە، (قاسم، تاهیر، ئیبراهیم). کە ئەوەی دواییان عەرەبیش نییە؟! یان بۆچی هەردوو کچەزاکەی ناو ناوە (حسن، حسين)؟! لەسەردەمی پێغەمبەرو بلاّوکردنەوەی ئەو ئایینەش، بەدەیان ناوی غەیرە عەرەبی لەریزەکانی یارانی پێغەمبەردا هەبووەو، فەرمانیشی نەداوە بەگۆڕینیان. هەتا (ماریە)ی خێزانی خۆیشی، هەر بەناوە (قیبتی)یەکەی خۆی ماوەتەوە. هیچ لاریشی لەوە نەبووە کە موسڵمانەکان بەناوی درەخت و ئاژەڵەکانیشەوە، ناوزەد بکرێن. ئەوەتا دەیان لەهاوەڵو یارانی پێغەمبەر هەڵگری ناوی درەخت (طلحة، سلمة، حنظلة)و ئاژەڵیش وەك، (أسد، فهد، هيثم، صقر)و، سروشتی وەك، (بحر، جبل، صخر) بووینە. ڕۆژێك لەڕۆژان فەرمانی نەداوە ناوەکانیان بگۆڕن، چونکە ناوەکان مانا بەخش بووینە.

لەبەرامبەر ئەوانەدا، هەوڵیداوە ئەو ناوانە بگۆڕدرێن کەماناکەیان ناخۆشو قێزەوەنن.. هەر بۆیە ناوەکانی (عاسیە، حزن) بۆ (جمیلە، سهل)

گۆڕیووە. هەروەها ئەو ناوانەشی گۆڕیووە، (عاصی- عزیز- عوزێر- عبلە، شیطان، حکم، غراب، خباب). کەچی زۆر بەداخەوە، خاوەنی ئەو بانگەشانە، پاش تێپەڕبوونی زێتر لەهەزارو چوارسەد ساڵ، پێچەوانەی خواستو ویستی پێغەمبەر (د.خ)، جارێکی تر دێن ناوەکانی، (عاصی، عوزێر، خباب)، لەمندالأنی کورد دەنێن.

لەوانەیە پێغەمبەر، زۆر جاران بەهەندێك لەناوی یاوەرەکانی ڕازی نەبوو بێت، بەلأم فەرزیشی نەکردووە، کە هەر دەبێت بگۆڕدرێن. ئەوەتا وەك لە (صحیح)ی (بوخاری)دا هاتووە کە رۆژێك لەرۆژان، پێغەمبەر لەیەکێك لەهاوەڵەکانی پرسیووە، ناوت چییە؟ لەوەلأمدا گوتوویەتی، (حزن). پێغەمبەریش گوتوویەتی، نەخێر تۆ ناوت (سهل)ە. کەچی (حزن) گوتوویەتی، نەخێر من حەز ناکەم ناوێك بگۆڕم کە باوکم لێیناوم. پێغەمبەر ئەو وەلأمو هەڵوێستەی (حزن)ی بەگوناهو تاوانو بێ فەرمانی خودا دانەناوە.

خودای پەروەردگاریش، کاتێك کە یەکەم مرۆڤی دروست کرد، کە دەستکردو بەندەی خۆشی بوو ناوی نەنا (عبدالله). لەبری ئەوە، ناوی نا (ئادەم).

دڵسۆزیو وابەستەیش بەئایینی ئیسلامەوە، مەرج نییە تەنها پەیوەست بێت بەناوزەد کردنی مندالأن بەناوی عەرەبیو ئیسلامی، چونکە ئیمانداری وابەستەیی بەکردەوەیە نەك بەناوی بێ ناوەڕۆك. ئەمڕۆکە هەزاران ناو (محەممەد) لەکۆمەڵگەی کوردیو ئیسلامیدا دەبینی، لەخراپەو خراپەکاری بەولاوە چیتری لێبەدی ناکرێت. وەك کورد گۆتەنی، (هەموو محەممەدێك ئەوە نییە کە سەلأواتی بۆ لێبدەی). خودای پەروەردگاریش جیاوازی لەنێوان (ڕەنگو زمانو نەتەوە)کاندا ناکات. تاکە جیاوازی لای ئەو چۆنییەتی ئەو

پەیوەندییەیە کە تاك بەخودای دەبەستێتەوە، کەخۆی لەچاکەکردنو پەرستنو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەودا دەبینێتەوە.

لەچەندان دەقی پیرۆزیشدا، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە کراوەتەوە. نموونەی، (**إن أكرمكم عندا الله أتقاكم**). یان فەرموودەی پێغەمبەر کە دەفەرمووێت، (**لا فضل عربي على أعجمي ولا أعجمي على عربي ولا لأبيض على أسود إلا بالتقوى كلكم من آدم و آدم من تراب**).

لەدێر زەمانیشەوە، لەمەلاو پیاوە ئاینییە ڕووناکبیرەکانی کورد بیستراوە کە ناوێك لەمنداڵەکانتان بنێن، ناوێکی خۆشو سووكو جوانو ڕەوان بێت، کە لەدوا ڕۆژدا کاتێك کە گەورە بوونو، چوونە ناو کۆمەڵگە، شەرمیان بەناوەکەی خۆیانەوە نەبێت.

لەو سەروبەندەو، لەو کاتە ناسکەی کوردستانیشدا، (یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان)یش کۆکە لەسەر ئەوەی (کە لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بەناونانی کوردی هەیە، چ لەمنداڵەکانمان، چ لەهەموو شوێنو دامودەزگاکانماندا).

هەر لەم ڕوانگەیەوە (مەلا عەبدوڵلاّ مەلا سەعید گرتکی) پێیوایە، ناو ڕەهەندێکی دیکەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلانەو، ناسنامەی نەتەوەیی گەلانیش ویستو ئیرادەی خوای گەورەیە (**ومن آياته خلق السموات والأرض و إختلاف السنتكم وألوانكم**- الروح ٢٢). هەروەها دەڵێت، ناوی نەتەوەیی، کەسێتی نەتەوەییو بەرهەمی کەلەپووریو گەلانی موسڵمان بەتایبەتیو جیهان بەگشتی، بەئاسانی خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو بەرهەمانە، ئاشکرا دەکەن.

# بەشی سێیەم:

# ناوی کوردی لەنێوان سالآنی ١٩٩١-٢٠٠٧دا

## شاری هەولێر وەك نموونە

ناوە ناوە، لێرەو لەوێ، باس لەوە دەکرێ، کە خەریکە ناوی کوردی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەرەو کزبوون و نەمان دەچێت. ئەو دیاردەو دەنگۆیانە، کۆمەڵێك نووسەرو ڕۆژنامەنووسی سەرقاڵکردووە. هەر بۆیەش ناوە ناوە، ئاوڕ لەم بوارە دەدرێتەوەو، دیاردەکە وەك کەرەستەیەکی خاو دەخرێتە بەرچاوان و، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن.

بۆ لەنزیکەوە ئاگادار بوون و، بەسەرکردنەوەی ئەو دیاردەیە بەنیازی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و، خستنە ڕووی ڕاستییەکان وەك نموونەیەکی زیندوو، لەڕێکەوتی ٢٨/٧/٢٠٠٧، سەردانی (فەرمانگەی تۆمارکردن و لەدایکبوون- هەولێر)م کرد. بۆ لێکۆڵینەوەکەش، نێوانی (٢١/١٢/١٩٩٠ تاوەکو ٣/٤/٢٠٠٧)م هەڵبژاردز بۆ ئەو ماوەیە؟! چونکە بەسەرەتای خۆشکردنی زەمینەی ڕاپەڕین و، ترس شکان لەڕژێم دادەنرێت. ئەو ماوەیەی دوای ڕاپەڕینیش، ئازادییەکی بەرچاو بۆ دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بەرقەرار بووە، بەتایبەتیش لەبواری (ناو لێنانی منداڵان بەزمانی کوردی)دا.

سەرەتا، لەناو ئەو هەموو تۆمار (سجل)ە گەورانە، بەشێوەیەکی ڕەمەکی، سالآنی (٩١، ٩٥، ٩٦، ٩٩، ٢٠٠١، ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧)م هەڵبژارد. بۆ هەر یەکێك لەو ساڵانەش تەنها (٤٠٠) ناوم هەڵبژارد، کەکۆی

هەموو ناوە هەڵبژاێردراوەکان بووە (٣٦٠٠) ناو. لەدەستپێکی هەر تۆمارێکدا، لەزنجیرە یەکەوە دەستم پێکرد، تا ژمارەی ناوەکان دەبووە (٤٠٠) ناو، ئەوجا وازم لەو تۆمارو ساڵە دەهێنا. یان بەشێوەیەکی تر، لەلاپەڕە یەکەوە دەستم پێکرد، وەك نموونە، لەتۆمارێکی ساڵی ١٩٩٩دا، لە ١/١ تاوەکو ٢٠/١/١٩٩٩، لەژمارە (١٤٧٥) دەستم پێدەکرد تا زنجیرەکە گەیشتە (١٨٧٥)و، (٤٠٠) ناوم تەواو کرد. ماوەکانی تریش بەهەمان شێوە. بەکورتی بەئارەزووی خۆم کاتەکانم هەڵبژاردووە. هەڵبژاردنی کاتو زنجیرەی ناوەکانیش، شێوەیەکی تیرو پشكو گۆترە ئامێزی وەرگرتووە. سەرەنجامی سەیرکردنو، لەیەکتر هاوێرکردنی ناوەکان، ئەنجامەکان بەو شێوەیە کەوتنەوە:

١- لە ٢١/١٢/١٩٩٠ تاوەکو ٧/١/١٩٩١، لەو (٤٠٠) ناوەدا، (٣٠٠) ناو بەڕێژەی لە ٧٥٪یان کوردی بووینە.

٢- لە ٧/١ تاوەکو ٣٠/١/١٠٩٩٥دا، لەو (٤٠٠) ناوەی کە هەڵمانبژاردووە، (٣٣٨) ناو بەڕێژەی (٨٤٪) کوردی بووینە. ئەو تۆمارە تایبەت بووە بەگەڕەکی "ئیسکان" لەهەولێر.

٣- لە ٩/٧ تاوەکو ١/٨/١٩٩٦دا، لەو (٤٠٠) ناوەدا، (٢٣٧) ناو بەڕێژەی (٥٩/٢٥٪) کوردی بووینە. ئەو تۆمارە تایبەت بووە بەگەڕەکی (ئازادی- هەولێر).

٤- لە ١/١ تاوەکو ٢٠/١/١٩٩٩، لەو (٤٠٠) ناوەدا، (١٠٣) ناو بەڕێژەی (٢٥/٧٥٪) کوردی بووینە. تۆمارەکەش تۆمارێکی تێکەڵاو بووەو، زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێری گرتۆتەوە.

٥- لە ٢١/١١/ تاوەکو ٦/١٢/٢٠٠١دا، لەو (٤٠٠) ناوەی تۆمارێکی تێکەڵاودا، (١١٦) ناو بەڕێژەی (٢٩٪) کوردی بووینە.

٦- له ١٧/٥ تاوەکو ١٠/٦/٢٠٠٣دا، لەکۆی (٤٠٠) ناوی تۆمارێکی تێکەڵاودا، (١٣٤) ناو بەڕێژەی (٣٣/٥٠٪) کوردی بووینە.

٧- له ١٢/٦ تاوەکو ١٧/٦/٢٠٠٤دا، لەکۆی (٤٠٠) ناوی تۆمارێکی تێکەڵاودا (٢٦٦) ناو بەڕێژەی (٦٦/٥٠٪) کوردی بووینە.

٨- له ٢٢/١١ تاوەکو ٣/١٢/٢٠٠٦، لەکۆی (٤٠٠) ناوی تۆمارێکی تێکەڵاودا، (٢٤٩) ناو بەڕێژەی له (٦٢/٢٥٪) کوردی بووینە.

٩- له ٢٥/٣ تاوەکو ٣/٤/٢٠٠٧، لەکۆی (٤٠٠) ناوی تۆمارێکی تێکەڵاودا، (٢٦٦) ناو بەڕێژەی (٦٦/٥٠٪) کوردی بووینە.

پاش (١٦) ساڵ ئازادی، هێشتاکە ڕێژەی ناوی کوردی نەگەیشتۆتەوە پێش ڕاپەڕین (٢٠/١٢/١٩٩٠- ٧/١/١٩٩١)، کە ڕێژەکە (٧٥٪) بووە.

سەرجەم ناوەکان (٣٦٠٠) ناو بووە، کە لەناویاندا (٢٠٠٩) ناو بەڕێژەی له (٥٥/٨٠٪) کوردیو، (١٥٩١) ناویش بەڕێژەی (٤٤/٢٠٪) عەرەبی بووینە.

بەسەرنجدانو لێورد بوونەوە لەو ئەنجامانە، کۆمەڵێك ڕاستی واقیع ئامێزمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەکرێت هەڵوەستەیان لەسەر بکەینو، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زیاتری لەسەر بکەینو، بەدوای هۆکارو چارەسەرییەکاندا بگەڕێین. سەرنجەکان بەم شێوەیە خۆیان دەخەنەڕوو:

- باشترین کات کە دەکرێت بەچەرخی زێڕینی ناوی کوردی دابنێین، سەرەتای ساڵی (١٩٩٥) بووە، کەڕێژەی ناوە کوردییەکان لە (٨٤/٥٠٪) بووەو، مایەی دڵخۆشیو هیوا بەخشین بووە.

- خراپترین کات کە دەکرێت بەقۆناخی پوکانەوەو نائومێدی خەڵك لەناوی کوردی دابنێین، سەرەتای ساڵی (١٩٩٩) بووە. ڕێژەی نـاوە کوردییـەکان لـە (٢٥,٧٥٪) بووە لەبەرامبەر ئـەوەدا، ڕێـژەی نـاوی عـەرەبی لەکۆمەڵگـەی کوردەواری بۆ (٢٥/٧٤٪) بەرز بۆتەوە.

- لەساڵی ١٩٩٥-١٩٩٩دا، بەرە بەرە ناوی کوردی لەپاشە کشەدا بـووە. لە ٢٠٠١دا ڕێژەی ناوی کوردی (٢٩٪) بووە. لەم کاتە بـەدواوە تـا نیسـانی ٢٠٠٧، بەرە بەرە بەرز بۆتەوەو گەیشتۆتە ڕێـژەی (٥٠/٦٦٪). لەگـەڵ ئـەو بەرز بوونەوەشدا، هێشتا نەگەیشتۆتەوە قۆناخـە زێڕینەکـە کەساڵی ١٩٩٥ بووە.

- ناوی کچان زێتر کوردی بووینە. بۆ نموونە لـەمانگی نیسـانی ٢٠٠٤دا، ڕێژەی ناوی کوردی لەناو کچاندا لە ٥٠/٦٦٪) بووە.

- ئەو ناوە عەرەبییانە، (شهد، هالة، سمية، إيلاف، ريان، آية، حنان، هدى، رؤيا، أيمان، نور، هناء، بوشرا، عالية، إبتهـال، زينـە، آلاء، شـيماء، تقـوى، اسماء طوبـا، أمـاني، آتينـا)، بەشـێوەیەکی بـەربڵاو لـەنێو نـاوی کچـاندا بەدیدەکرێت.

لەبەرامبەر ئەوەشدا، ناوەکانی، (ئوسامة، علي، عالم، مهند، رعد، صفاء، مروان، مؤمن، رامي، رباني، مؤيد، مالك، دانيال، حمـادي، مصـعب، سـالم، جهاد، عبدالباري، محمد، ياسر، عبدالعظيم، موسلم، أحمد، منقذ، مصـطفى، نافذ، خوبەيب) پانتاییەکی فراوانی لەناوەکانی کوڕاندا داگیر کردووە.

- لەو (٣٦٠٠) ناوەدا، ناوی سەیر سـەیرو، نـامۆی وا بەرچـاو دەکـەون، ئەگـەر نـەڵێین تـازە گواسـتراوەتەوە نێـو کۆمەڵگـەی کـوردەواری، ئـەوا

بەدڵنیاییەوە دەیڵێین، گەر لەڕابردوودا هەشبوبێت، لەناوە هەرە دەگمەنەکاندا بووینە. سەیری ئەو ناوانە بکەن، (ئێراق، لوبنان، جەهینە، وەهاج، مارکۆس، مایا، زەنیرە، حۆری).

## خوێندنگای "ئەستێرە"

هەر بەنیازی درێژەدان بەو لێکۆڵینەوە مەیدانییە، لەکۆتایی مانگی ئابی ٢٠٠٧دا، سەردانی خوێندنگای (ئەستێرەی سەرەتایی)م کرد.

(ئەستێرە) لەگەڕەکی (٩٤)ی شاری هەولێرە. خەڵکەکەی لەڕووی ڕۆشنبیریی و گوزەرانەوە، دەکرێت بەخەڵکێکی مامناوەندیان لەقەڵەم بدەین. گەڕەکەکەش، گەڕەکێکی نوێیە.

دەربارەی بەربڵاوی ناوی عەرەبی لەنێو ریزەکانی خوێندکاراندا، مامۆستا (سابیر حوسێن شێروانی) بەڕێوەبەر گوتی، لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٦-٢٠٠٧)دا (٥٥٢) خوێندکارمان هەبووە، کە (٣٢٠)یان بەڕێژەی (٩٧/٥٧٪) ناوەکانیان کوردی بووینەز (٢٣٤) خوێندکاریش بەڕێژەی لە (٣٠/٤٢٪) ناوەکانیان عەرەبی بووینە. سەیر لەوەدایە، لەخوێندنگای ناوبراودا لەساڵی خوێندنی ١٩٩٩-٢٠٠٠دا، لەهۆبەیەکی پۆلی یەکدا، شەش ناوی (محەممەد) هەبووە[1].

---

١- پیرۆزی ئەو ناوەو تەشەنەکردنی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، هەر دیاردەیەك نییە تایبەت بەکۆمەڵگەی ئێمەوە بێت، بەڵکو پەیوەستە بەو رابوونە ئیسلامییەی کە هەموو جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە. ئەوەتا لە لوبنان، کە پێکهاتەکانی لەچەند نەتەوەو ئایینێکی جیاجیا پێکهاتوون، وەك لەچاپکراوێکی (ئەنفۆرمێیشن

پاش سەیرکردن و هاوێرکردنی ناوی خوێندکارەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی خوێندنگای ناوبراو، بۆ ساڵەکانی خوێندنی (١٩٩٦-٢٠٠٧) ڕاستیەکان بەم شێوەیە کەوتنە ڕوو، کەدەتوانین لەو خشتەیەی خوارەوەدا بەرجەستەیان بکەین:

| ساڵی خوێندن | لەدایک بوون | ناوی کوردی | ڕێژەی سەدی | ناوی عەرەبی | ڕێژەی سەدی | سەرجەمی خوێندکارەکانی پۆلی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٧-٩٦ | ١٩٩١ | ١٠٥ | ٪٧٨,٩٤ | ٢٨ | ٪٢١,٦٠ | ١٣٣ |
| ٩٨-٩٧ | ١٩٩٢ | ١١٧ | ٪٧٨,٥٢ | ٣٢ | ٪٢١,٤٨ | ١٤٩ |
| ٩٩-٩٨ | ١٩٩٣ | ٦٥ | ٪٧٩,٢٦ | ١٧ | ٪٢٠,٧٤ | ٨٢ |
| ٢٠٠٠-٩٩ | ١٩٩٤ | ١١٥ | ٪٧٨,٢٣ | ٣٢ | ٪٢١,٧٧ | ١٤٧ |
| ٢٠٠١-٢٠٠٠ | ١٩٩٥ | ٨٦ | ٪٨٢,٦٩ | ١٨ | ٪١٧,٣١ | ١٠٤ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠١ | ١٩٩٦ | ٨٩ | ٪٧٦,٧٢ | ٢٧ | ٪٢٣,٢٨ | ١١٦ |
| ٢٠٠٣-٢٠٠٢ | ١٩٩٧ | ٥١ | ٪٦٩,٨٦ | ٢٢ | ٪٣٠,١٤ | ٧٣ |
| ٢٠٠٤-٢٠٠٣ | ١٩٩٨ | ٥١ | ٪٥٦,٦٦ | ٣٩ | ٪٤٣,٣٤ | ٩٠ |
| ٢٠٠٥-٢٠٠٤ | ١٩٩٩ | ٤٠ | ٪٤٣ | ٥٣ | ٪٥٧ | ٩٣ |
| ٢٠٠٦-٢٠٠٥ | ٢٠٠٠ | ٤٣ | ٪٥٠ | ٤٣ | ٪٥٠ | ٨٦ |
| ٢٠٠٧-٢٠٠٦ | ٢٠٠١ | ٤٦ | ٪٤٨,٩٤ | ٤٨ | ٪٥١,٦٠ | ٩٤ |

---

ئەنتەرناسیونال)، بەپشت بەستن بە تۆمارەکانی هەڵبژاردەکانی ٢٠٠٤ی ئەو وڵاتە دەبەستێت، دەردەکەوێت" کە ناوی محەممەد بەربڵاوترین ناوەو لەتەمەنی (٢١) ساڵی بەسەرەوە؛

- (٨٠٦٤٤) کەس ناویان محەممەدە. لەوانە (٤٠٢٥١) شیعەن و (٣٨٦٦٠) سوننەن. نۆ مەسیحیش ناوی (محەممەد)یان هەیە. بڕوانە" مسیحیون لبنانیون یحملون إسم (محمد) الشرق الأوسط، ٢٠٠٦/٣/٢١.

سەرجەمی ئەو (١١) ساڵەی خوێندن، خوێندکارانی پۆلی یەکەم ژمارەیان (١١٦٧) خوێندکار بووە. (٨٠٨) لەوانە، بەرێژەی (٢٩/٦٩٪) ناویان کوردی بووە. (٣٥٩) خوێندکاریشیان، بەرێژەی (٧٧/٣٠٪) ناوەکانیان عەرەبی بووینە.

## هۆکارەکانی هەڵکشانی ناوی عەرەبی‌و دابەزینی ناوی کوردی

پاش خەبات‌و قوربانییەکی زۆری بێپسانەوەو، گەیشتن بەئازادی‌و خۆ حوکم کردن، دەکرێت بپرسین، هۆکاری ئەم پاشەگەردانی‌و گەڕانەوەو خۆ بەکەم زانین و پەنا بردنە بەر کولتوری بێگانە، بۆچی دەگەڕێتەوە؟! لەپەیڕەوو پرۆگرامی هیچ پارتێکی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازی کوردیش، بەتایبەتی هەردوو پارتە گەورەو دەسەڵاتدارەکەدا، ئەو بۆچوونانە نابینرێن...

بەگوێ گرتن لەڕاوو بۆچوونی شەقام‌و، هەڵوەستەکردن لەسەر ڕووداوەکانی ئەو قۆناخە دیاریکراوەدا، دەتوانین هۆکارەکانی ئەو پاشەگەردانییە لەچەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- **ڕابوونی ئیسلامی:** ئەو دیاردەیە هەر تایبەت بە نەتەوەو کۆمەڵگەی کوردەواری نییە، بەڵکو سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوەو، لەگەڵ ئەو ڕابوونەشدا، بەدەیان هزرو ڕێبازی جۆر بەجۆرو دژ بەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییەو، لەدێر زەمانیشەوە پابەند بوونی خۆی بەم ئایینە ڕاگەیاندووە... لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی دیاردەی ئیسلامی سیاسی بۆ ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨

دەگەڕێتەوە. ئەو کات (بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان) وەك پارتێکی سیاسی خاوەن ئایدیاو تێڕوانینی ئیسلامی دروست بوو. لەدوای ئەویش، پاش راپەڕینو زەمینە خۆشبوونی کاری سیاسی، چەندان پارت و کۆمەڵەو گرووپی تری ئیسلامی لەکوردستاندا، دروست بوون، کە بەشی زۆریان لە (بزووتنەوە) جیا بوونەتەوە.

دروستبوونی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان)یش وەك ڕێکخراوێکی ئیسلامی میانڕەوی بێ چەك لەساڵی ١٩٩٤دا، پانتایی بڵاوبوونەوەی هزری ئیسلامی سیاسی، بەرفراوانتر کرد.

ئەو پارتو ڕێکخراوانە، سوودیان لەو ئازادییە وەرگرتو، وردە وردە، بنکەی خۆیان لەناو جەماوەردا دروستکرد. هەر یەکێك لەوانەش، چەندان ڕێکخراوی پیشەیی وەك، (خوێندکاران، مامۆستایان، ئافرەتان، ئەندازیاران، نووسەران)یان، بۆ خۆیان دروستکردو، هەر یەکێك لەوانەش بوونە خاوەنی ئۆرگانو بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان.

**٢- کتێبخانە ئایینییەکان:** جاران لەشارەکانی کوردستاندا هەستت بەوە نەدەکرد کە کتێبخانەی ئایینی تایبەت (کتێبفرۆش) هەبێت. گەر هەشبوبێت، ئەوەندە کەم بووینەو نەبوونەتە دیاردەیەکی بەرچاو... وەلێ لەدوای راپەڕینەوە، ئەو دیاردەیە زۆر زەق بووە. ئەو کتێبفرۆشە تایبەتییانە، بە بەردەوامی کتێبی ئایینی لەدەرەوە دەهێننو، هەوڵیش دەدەن وەریبگێڕنە سەر زمانی کوردیو، لەکوردستاندا دووبارە بڵاوی بکەنەوە.

وەرگێڕانو فرۆشتنی بێئەندازەی کتێبەکانی (سەید قوتب و حەسەن بەننا)، بەم دوا دواییەش (عەمرو خالید)، نموونەیەکی زیندووە بۆ بەرفراوانبوونی ئەو دیاردەیە... ئێستا بەهۆی دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئایین،

ئەگەر هەندێك تەفسیر لەنموونەی (تەفسیری ئاسان) مانگانە چاپ نەکرێتەوە، زۆر زوو لەبازاڕدا نامێنێت. کتێبی وەرگێڕدراوی (بەسەرهاتی تۆبەکاران)ی (عەمرو خالید)، لەماوەی مانگێکدا، دوو هەزار دانەی لێفرۆشراوە. نامیلکەی (حصن المسلم)، کە کۆمەڵە دوعایەکە مانگانە هەزار دانەی لێدەفرۆشرێت... داواکاری ئەو کتێبانەش، بەزۆری توێژی گەنجەکانن[1].

هەموو کەسێکی رۆشنبیرو سەوداسەری کتێب، هەر کەسەو لەشارەکەی خۆی، دەتوانێت چەندان کتێبفرۆشی لەو بابەتانە ئەژمار بکات.

٣- **گەمارۆی ئابووری:** هەبوونی چەند گەمارۆیەکی ئابووری (دەرەوەو ناوەوە) بەسەر کوردستاندا، وایکرد کە خەڵك تووشی هەژاریو ناگوزوری کۆمەڵایەتی ببێت.. دیارە بەشێکی زۆری خەڵکی ئاساییش، لەکاتی تەنگانەو بێئومێدیو ونکردنی هیوا بەژیان، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەروونییە، پەنا بۆ گەڕانەوە بۆ ئاین دەبات... رێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکانیش، جا بۆ هەر مەبەستێکیان بووبێت، لەرێگای دابەشکردنی خۆراكو یارمەتی ماددیەوە بەسەر خەڵکانێکدا، توانییان ئەو بۆشاییە دەروونییەی هاوولاتیان داگیر بکەنو، بەو بۆچوونانە پڕی بکەنەوە کە خواستەکانی خۆیان دەهێنێتەدی.

٤- **شەڕی ناوخۆ:** لەگەرمەی گەمارۆی ئابووریو، بلاوبوونەوەی ئەوپەڕی هەژاری لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، یەکێتیو پارتی، شەڕێکی گەورەی نەخواستراوی خۆکوژییان بەرپاکرد.. کە بەکردەوە لەساڵی ١٩٩٤ دەستی پێکردو تاسەرەتای ساڵی (١٩٩٨)ی خایاند. پێش ئەو شەڕەو دوای ئەو

---

١- تۆڵە مەهدی، کتێب بە کیلۆ، گۆڤاری (کۆوار)، ژمارە (٢٢)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل٨.

شەڕەش، هەر ئەو دوو حزبە بالاّ دەستە، کە ماوەیەکی زۆر (بەئێستاشەوە) جێگای ئومێدی بەشی زۆری خەڵکی بوون، چ بەتاك تاك یان پێکەوە، شەڕیان لەگەڵ زۆر لایەنی کوردستانی بەرپاکردووە.

ئەو شەڕە ناوخۆییە، دەیان دیاردەی گەندەڵی ئیداریو کولتوریو کۆمەڵایەتیو راگەیاندنو مۆراڵیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە... لەماوەی شەڕدا، لەجیاتی هەوڵی ئەوە بدەن برینەکانی کۆمەڵ سارێژ بکەن، برینەکانیان قوڵترو بەئازارتر کرد. هەر بەهۆی ئەو واقیعە تاڵەوە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، سوودیان لەناڕازیبوونی خەڵك وەرگرتو، توانییان لەسەر حسێبی ئەو دوو لایەنە، خەڵکێکی باش بۆ خۆیان کۆبکەنەوەو، بە بۆچوونەکانی خۆیان پەروەردەیان بکەن... ئەو واقیعە بەرجەستەیە، زۆر بەزەقی ڕەنگی لەسەر ناولێنانی کوردیدا هەبووە، کەدەکرێت نێوانی ١٩٩٥-١٩٩٩، بەقۆناخی بزربوونی ناوی کوردی ناو زەد بکەین.

٥- **بەرجەستەیی واقیع:** خەڵکێکی زۆر بەهیوایەکی گەشەوە سەیری خەباتی چەکداری پارتە نەتەوەییو نیشتمانیەکانی کوردی دەکرد... پاش راپەڕینو گەڕانەوە بۆ شارەکانو، وەرگرتنی دەسەلاّت، کردەوەو هەڵوێستی ئەو پارتانە دەرحەق بەخەڵك، نەیانتوانی خەونو خواستەکانی جەماوەر بهێننەدی.

٦- **مزگەوتەکان:** لەدوای راپەڕینەوە، دیاردەی مزگەوت دروستکردن ئەوەندە زۆر بووە، کە گەڕەك نییە (٣-٤) مزگەوتی تێدا نەبێت.. بۆ نموونە لەناو شاری هەولێردا پێش راپەڕین نزیکەی سەد مزگەوت هەبوو. لەو کاتەشدا ژمارەی دانیشتوانی شار بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٨٨، (٨٠٧٤٦٣) هەشت سەدو حەوت هەزارو چوارسەدو شەستو سێ کەس بووە[١]. هەر

---

١- سەید مەولود بێخاڵی، هەولێرم وادیوەو بیستووە...، بەرگی سێیەم، ٢٠٠٥، ل٤٤.

(٨٠٧٤) هەشت هەزارو حەفتاو چوار کەس، یەك مزگەوتیان بەرکەوتووە. کەچی دوای راپەڕین، بەتایبەتیش لەساڵی (٢٠٠٧)دا، ژمارەی دانیشتوانی شار بۆتە (١٢١٣٤٣٠) یەك ملیۆن و دووسەدو سیزدە هەزارو چوارسەدو سی کەس[١] و، مزگەوتەکانیش بوونەتە (٣٠١) مزگەوت[٢].

ئێستاکە هەر (٤٠٣١) چوار هەزار سی و یەك کەس مزگەوتێکیان بەردەکەوێت. ئەگەر بێت و بەراووردێکی سەرپێی ئەو دوو قۆناخە (پێش راپەڕین و دوای راپەڕین) بکەین، هاوکات لەگەڵ زێدەبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاردا بەڕێژەی لە (٦٠/٩٩٪)یش ژمارەی مزگەوتەکان زیادیکردووە. ئەگەر ژمارەی دانیشتوان پێش راپەڕین، بکەینە بنەمایەك بۆ زیادبوونی مزگەوتەکان، دەبوایە ژمارەیان (١٥٠) بوایە نەك (٣٠١) مزگەوت...

شایانی باسە لەساڵانی (١٩٩٥-١٩٩٧)یشدا تەنها (١٥٥) مزگەوت لەناو شاری هەولێردا هەبووە[٣].

خەڵکێکی زۆر کەم و دەگمەنیش ئەوانەی دەست رۆیشتوون و، لەکاری خێرو چاکەدا، دەست کراوەن، هۆشیاری نەتەوەییان هەیە و، درك بەو راستییە دەکەن کە کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوەندەی پێویستی بەخوێندنگاو نەخۆشخانە دروستکردن هەیە، چارەکی ئەوەندە پێویستی بە مزگەوت دروستکردن نییە.

---

١- رۆژنامەی (ئاسۆ)، ژمارە (٤٨٩)، ٢٠٠٧/٧/٢٥، ل٤.

٢- مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لەڕێگای ئیمێلێکەوە وەڵامی پرسیارەکانی منی داوەتەوە... ناوبراو لەو نامەیەدا کە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٥ ناردوویەتی دەڵێت" (...سەبارەت بە مزگەوتەکان لەناو شاردا، ٣٠١ مزگەوت هەیە، ١٥٨یان وتاری هەینی تێدا دەخوێنرێتەوە...).

٣- سەید مەولود بێخاڵی، ل٢٩٨.

لەحاڵـەتی ئێسـتادا، بـەهۆی خەمسـاردیو کزبـوونی ئـەو هەسـتە نەتەوایەتییە، هـەتا خوێندنگایـەك لەلایـەن خـەڵکی خێرخـوازی کـوردەوە دەکرێتەوە، دەیان مزگەوت لەچاوەڕوانی مۆڵەت وەرگرتندان[1].

ئەگەر جاران، لەڕێگای سانسۆری ڕژێمو دەزگا ئەمنییەکانەوە، مەلاو وتار بێژەکان، نەیانتوانی بێت بەویستی خۆیان وتار بخوێننەوە، ئەوا ئـەمڕۆ (دوای راپـەڕین)، بـەهۆی ئـازادیو بـوونی چـەند دەسـەڵاتێکەوە وتـار بێـژەکان، زەمینەیەکی باشیان بۆ ڕەخساوە تاوەکو بەویستی خۆیان، ئەو بابەتانـە بـاس بکـەن کـە خۆیـان دەیانـەوێتو، بڕوایـان پێیـەتی.... لـەم رووەوەش، پارتـە سیاسییەکانی کوردسـتان، دەسـتییان خسـتە مزگەوتـەکانو، بـۆ مەرامـە سیاسییەکانی خۆیان بەکاریان هێناون. زۆربـەی وتـار خوێنـەکان، لـەڕێگای وتارەکانیانەوە، دەتوانرێت ئاڕاستەی سیاسیان، دیاری بکرێت.

**٧- وتـار خوێنـەکان:** پـێش نوێـژو وتـار خوێنـەکانی مزگەوتـەکانیش ڕۆڵێکـی بەرچـاویان بینـی لـەگۆڕینی ئاڕاسـتەی هـزری خـەڵك... ئەوانـە، لەڕێگای وتارە حەماسەت ئامێزەکانیاندا، گوێگرەکانیـان دەگریانـدو، وایـان لێدەکردن زێتر بەدوای وتارەکانیاندا بگەڕێن.. لەو سـەردەمەدا، کـۆپیکردنو فرۆشـتنی کاسـێتی خوتبـەکانی، (مـەلا عەبـدولقادری برایـەتی، مـەلا

---

١- بۆ نموونە" لەو ماوەیەدا، (حاجی محەممەد ماجیـدی) لەگـەڕەکی (زانکـۆ)ی هـەولێر، لەسەر حسێبی خۆی خوێندنگایەکی هەژدە پۆلی دروستکردووە... هـەروەها هـاووڵاتی (رزگـار ئۆمـەر سـێنارەیی)ش لەشارۆچـکەی (کەسـنەزان)دا، خوێندنگایـەکی دروستکردووە... لەبەرامبـەر ئەوانەشـدا (٤٥) کـەس داوای دروسـتکردنی مزگـەوت دەکەن... بڕوانە؛

- ڕۆژنامەی (میدیا) ژمارە (٣١٦)، ٢٠٠٧/١١/٢٧.

عەبدولغەنی، مەلا سەید ئەحمەد، مەلا بەشیر، مەلا شێرزاد، مەلا جەمیل، مەلا موسا، مەلا عوزێر)[1].

**٨- کۆنترۆڵ:** هەر بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە، یەکێتی و پارتی بۆ دڵڕاگرتن و رازیکردنی پارتە سیاسییەکان، مزگەوتەکانیان بێ کۆنترۆڵ هێشتبۆوە.. کەس لێپێچینەوەی لەگەڵ ئەو وتار خوێنانەدا نەدەکرد کە بەئاشکرا هانی توندوتیژیی و، بڵاوکردنەوەی هزری نامۆیان دەدا... ئەوەش نەبادا ئەو حزبانە دڵیان بڕەنجێ و بچنە پاڵ لایەکەی تر. ئەو کۆنترۆڵ نەکردنە، زەمینەیەکی باشی خولقاند بۆ سەوز بوونی ئیسلامی سیاسی و گوێ نەدان بەکێشە گرنگ و نەتەوەییەکان.

**٩- گەندەڵی:** ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە، شازدە ساڵە دەسەڵاتیان لەدەستە، لەگەڵ کارە باشەکانیشاندا، بەبۆچوونی هەندێك لەنەیارەکانیان و شەقامی گشتی، نەیانتوانیووە هاوسەنگی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەنێوان چین و توێژەکانی خەڵکدا رابگرن.

هەر بە بۆچوونی ئەو خەڵکانە، ئەو دوو پارتە، هەموو دەزگاو دائیرەو شوێنە هەستیارەکانیان، بە ئەندام و هەوادارانی خۆیان پڕ کردۆتەوە... هەرچی شتی باش و ئیمتیازاتە لەپێگەی ئیداری و مووچەو زەوی و خانووبەرەوە، لەقەبەر هەوادارانی خۆیانیان کردووە. ئەو خەڵکانە لەرێگای هەڵبژاردنەوە دەیانەوێت جۆرە حوکمێکی تر، (حوکمی پارتە ئیسلامییەکان) تاقی

---

١- موسڵیح ئیروانی، ئیسلام و ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا سەرەتایەك لەبارەی کۆمەڵناسیی ئایینییەوە، بڵاوکراوەی دەزگای (ئاراس)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٧٤.

بکەنەوە، تاوەکو بزانن ئەوان چیدەکەنو، چییان لە هەگبەدایە بۆ ئەو خەڵکە چاوەڕوانە...

١٠- **سۆسیالیزمو کۆمۆنیستی:** پاش هەرەس هێنانی ئەو دەوڵەتو حکومەتانەی کە بەپراکتیکی چەندان ساڵ بوو حوکمی سۆسیالیستیان لەوڵاتەکانیان پیادە دەکرد، بۆشاییەکی هزری گەورە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی دروست بوو... خەڵکانێك توانییان کۆنترۆڵی ئەو بۆشاییانە بکەنو، بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان بهێنن. بەسەدان کادیری چالاكو کارامەی هەڵگری فکری مارکسییەتو سۆسیالیزم، هزرەکانیان بەئاڕاستەی ئیسلامی رادیکاڵ، یان نەتەوەیی گۆڕدرا.

Xistin ser nêt:- çalak
chalakmuhamad@gmail.com

# بەشی چوارەم:

# (ناو گۆڕین)... لەرۆژنامەی (خەبات)و (یەکگرتوو)دا وەك نموونە

هەڵبەتە ناوی هەر کەسێك لەئێمەمانان، لەسەرووی ویستی خۆمانەوە بووە.. گەورە بووینەو فامان کردووە، لەوانەیە، هەندێکمان بەناوەکانی خۆمان رازی بووبینو، هەندێکیشمان بەپێچەوانەوە. ناولێنانی منداڵانیش لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر دەگۆڕێتو، زێتر پەیوەستە بەهۆشیاریو رادەی رۆشنبیری ئەو بنەماڵانەوە. گەر هاتوو خانەوادەکە ئیلتیزامی ئایینی بەسەر ئیلتیزامی نەتەوەییەوە زاڵ بوو، ناوی منداڵەکانیشی ئەو مۆرکە وەردەگرێت... زۆر جارانیش بەهۆی نەزانین و پابەند بوونێکی رەمەکی، خەڵکی واهەبووە وای زانیووە هەر وشەیەك لەقورئانو زمانی عەرەبیدا هاتووە، ئەوە پیرۆزن، بۆیەش، بێئەوەی لەجوانیو ناشیرینی، لەباشیو کرێتی، وشەکان بگات و ماناکەیان بزانێت، ئەوانەی کردۆتە ناو بۆ منداڵەکانی. نموونەش زۆرن، هەر لەبەر ئەوەی وشەی (کەزیبان، عاسی، عاسیە،.... تاد) چەندان جار لەقورئاندا دووبارە بوونەتەوە، باوکی نەخوێندەوار هاتووە ئەو ناوانەی بەبالای کچ و کورەکانیدا بڕیووە. بێگومان کاتێکیش کە ئەو منداڵانە گەورە بووینەو چوونەتە ناو کۆمەڵگە شەرمیان لەخۆیان کردووە، بۆیە گەر پێیان کرابێت، ناوەکانی خۆیان گۆڕیووە، یان هەوڵی گۆڕینیان داوە.

هەندێك ناوی تر هەن کە بەهۆی جیاوازی فۆنەتیکی زمانی کوردیو بێئاگایی کۆمەڵگەی کوردەواری، ناوەکە لەعەرەبییەوە بەهەڵە گواستراوەتەوە

ناو خانەوادەی کوردەوە. بۆ نموونە سەیری ئەو ناوانە بکەن، (ئەحیا، رەحفزە، سایق، جامید، تانی)، کە بێجگە لەناخۆشیو ناشازی ریتمی مۆسیقاوەش، یان هیچ مانایەکیان نییە، یان مانایەکی ناخۆشو قێزەوەنیان هەیەو لەگەڵ گەورەیی مرۆڤ یەکناگرنەوە.

دیاردەی ناو گۆڕینیش، هەر لەناو کورددا نییە، بەڵکو لەناو هەموو کۆمەڵگە جیا جیاکانی دنیادا شتێکی باوەو لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلامیشدا پەیڕەوی لێکراوە. کاتێك کە پێغەمبەر دۆستو یارانی خۆی بینیووە، ناوی بێ ماناو قێزەوەنیان لێبووە، یەکسەر فەرمانی داوە، ناوەکانیان بگۆڕن... ناویش گەر مانایەکی جوانو شایستەی هەبێت -با بەهەر زمانێك بێت- شتێکی شیاوە. وەك لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە، یەکەم کورد کە موسڵمان بوو بێت، کابرایەکی ناو (گاوان) بووە، گەر ناوەکە شیاو نەبوو بێت، هەر ئەو دەم پێغەمبەر فەرمانی گۆڕینی دەدا، کەچی ئەمە نەکراوە. دیارە ناوەکە لەلای پێغەمبەر مەقبوول بووە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە، ناو گۆڕینە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، جارانو لەدوای بەیاننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠دا، ناو لێنانی کوردی بووە دیاردەیەکی بەربلاوی جوانو شایستە، بەدەگمەن ناوی عەرەبیت بەدیدەکرد، هەتا زۆربەی مەلاو وتار خوێنی مزگەوتەکانیش، منداڵەکانی خۆیانیان بەکوردی ناوزەد دەکرد. ئەو مۆدیلە سەرەڕای فشاری رژێمیش، تا پێش راپەڕینیش بەردەوامی هەبوو، وەلێ دوای راپەڕینو ئازادبوونی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان، بەهۆی سەرهەڵدانی دەیان گرووپو پارتو کۆمەڵەی ئیسلامیو، بانگەشەکانیان، دیاردەی تەعریب کردنی ناوی کوردی هێدی هێدی (ئەمجارەیان بەویستی خۆمان)، خۆی کرد بەماڵەکانماندا، جگە لەتازە

لەدایکبووەکان، گەورەکانیشمانی گرتەوە. بەدەیان ناوی کوردی رەسەن‌و شایستەو خۆش ئاوازیان لە (هەژار، پەریشان، هەندرێن، بلند، ئاری، پشتیوان، خەندە، نێرگز، سیپان، دیار، شەرمین، ئاوێستا، ئاوارە، نەسرین، کۆچەر، رێناس، رێباز) لێکردینە، (محەمەد، یوسف، رەحمان، ئیخلاس، هودا، مستەفا، ئەحمەد، بوشرا، ئەسماء، ئێلاف، کەوسەر، ئیبراهیم، عیمادەدین).

ئەو خەڵکە وادەزانێت کەسایەتی مرۆڤ (جوانی‌و ناشیرینی، باشی‌و خراپی)، لەناوەکەی ڕەنگدەداتەوە. وادەزانن هەموو محەمەدێك ئەو محەمەدەیە کە دەبێت سەڵاواتی بۆ لێبدرێت. ئەو دیاردە نەخوازو ناشایستە، لەدوای ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە زۆر بە بەربڵاوی پەرەی سەندووەو، تەواو پێچەوانەی رەوتە سیاسی‌و نەتەوەییەکەی کوردە. لەلایەك هەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب دەدەین، کەچی لەلایەکی ترەوە خۆمان بەویستی خۆمان کۆمەڵگەکەی خۆمان تەعریب دەکەینەوە، (وای لێهاتووە لەپۆلەکان لەقوتابخانەدا ناوی کوردی زۆر کەم بۆتەوە، بەتایبەتی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، لەپۆلێکی ٣٠ قوتابیدا تەنها چوار یان پێنج منداڵیان ناویان کوردییە)[1].

بەهۆی کردەوە تیرۆریستیەکەی شێخ زاناو جەماعەتەکەیشیەوە، زۆر (زانا) لەشەرمان، نەك هەر لەڕووی تیرۆرەوە بەڵکو لەڕووی ئەخلاقیشەوە، ناوەکانی خۆیان گۆڕیووە، بەڵام خۆشبەختانە، هەر لەکوردییەوە بۆ کوردی بوو... پاش ئاشکرابوونی ئەو باندە بێ ئەخلاقە، بەپێی ئەو زانیارییانەی گەیشتوونەتە

---

١- سەبیحە محەمەد، زمان‌و هوشیاری نەتەوەیی، ناو لێنانی منداڵ وەك نموونە، رۆژنامەی (خەبات) ژمارە (١٩١٦)، ١٤/٩/٢٠٠٥، ل٩.

میدیاکانەوە، ئەوە نیشان دەدەن کە تەنها لەدادگای سلێمانیدا سێ حاڵەتی وا تۆمار کراوە، (ئەو سێ کەسە دەڵێن، لەلایەن هاورێکانمانەوە بەشێخ زانا بانگ دەکرێین... دایکی زانا ئەنوەر لەڕانیە دەڵێت، کوڕەکەم دوو ساڵە، دوای ئەوەی کە کارە دزێوەکەی شێخ زانام بینی ناوی زانام لەبەرچاو کەوت‌و بڕیارمدا ناوی منداڵەکەم بگۆڕم)[1] جگە لەسلێمانیش (سێ هاووڵاتی ناو زاناش لەڕەگەزنامەی هەولێر داوایان تۆمار کردووەو داوا دەکەن ناوەکانی خۆیان بگۆڕن، یەکێك لەوانە ناوی کردۆتە ئالان)[2].

ناو گۆڕین ئەگەر لەعەرەبییەوە بۆ کوردی بێت، یان لەکوردییەوە بۆ کوردی بێت، ئەوە شتێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام بەگوێرەی ئەو بەراوردەی من کە لەسەر (٢٤٢) حاڵەتی ناو گۆڕین کردوومە، دیاردەکە مایەی دڵخۆشی نییەو هەڕەشەیەکیشە بۆ سەر زمانی کوردی، تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچوونە پۆزەتیفانەیە کەپێیان وایە، (تازە خەریکە ناوی کوردی بەرەو زیادی دەڕوات‌و جاران ناوی ئوسامەو موسعەب‌و ئەیمەن زۆر بوون بەڵام ئەو ناوانە ئێستاکە کەم بوون)[3].

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کەمن لەهەردوو رۆژنامەی (یەکگرتوو)، زمانحاڵی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان‌و، (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کۆمکردۆتەوەو لێکۆڵینەوەو بەراوردم لەسەر

---

١- سایتی پیوك میدیا www.pukmedia.com، رۆژی ٢/٨/٢٠٠٥.

٢- رۆژنامەی (ئاسۆ)، ژمارە (١١٦)، ٢١/٧/٢٠٠٥، ل١.

٣- پشتیوان جەمال، ئوسامە لە سلێمانییەو موقتەداش لە کەرکوك، رۆژنامەی (هاوڵاتی) ژمارە (٢٣٤)، ٢٧/٧/٢٠٠٥.

کردوون، ئەنجامەکان مایەی دڵخۆشی نین‌و، لەبەرژەوەندی هاوبیرو هەڵگرانی بیرو بڕوای کوردایەتییەوە نین‌و، بۆچوونە پۆزەتیفەکەی سەرەوە پوچەڵ دەکەنەوە... بەراوردو ئەنجامەکان بەم شێوەیە ساخ بوونەوە:-

**یەکەم:** لەنێوان ١٣/٢/٢٠٠٥ هەتاکو ٣٠/٨/٢٠٠٥، لە (٥٢) ژمارەی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)دا (١٣٢) ناو گۆڕدراون کە (٢٠) ناو لەعەرەبییەوە بۆ کوردی‌و، (٣٦) ناو لەکوردییەوە بۆ عەرەبی‌و، (٥٥) ناو لەعەرەبییەوە بۆ عەرەبی‌و، (٢٠) ناو لەکوردییەوە بۆ کوردی‌و، یەك ناو لەفارسییەوە بۆ عەرەبی بووە. لەو (١٣٢) ناوە، (٩٥) کوڕو (٣٧) کچی لەخۆ گرتووە. کوڕەکان، (١٢) کەسیان ناوی خۆیان کردۆتە (محەمەد)، کە سێیانیان ناوەکانیان کوردی (هەژار، پەرێشان، هەندرێن) بوون. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، یەك (محەمەد) لەقەزای سۆران ناوی خۆی کردۆتە (پشتیوان). شەش کەسیان ناویان (سەددام) بووەو ناوەکانیان کردۆتە (ئازاد، سەلاح، ئەحمەد، ڕێبوار، سەلام، سەدرەدین)، کەپێنجیان خەڵکی هەولێرن‌و یەکێکیشیان خەڵکی خەباتە. سێ کەس ناویان (ئوسامە) بووەو ناوەکانیان کردۆتە، (سامان، سامان، موشیر)، کە خەڵکی قوشتەپەو سۆران‌و خەباتن. دوو کچی ناو (کەزیبان) کە خەڵکی (سۆران)و (شەقڵاوە)ن، ناوەکانی خۆیان کردۆتە، (عائیشە، ڕەیان). (لەیلا قاسم)ێکیش، سەرەڕای ئەو قوربانییە بێ وێنەیەی ئافرەتی کورد کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول پێشکەشی کردووەو، کچە خوێندکاری لەسێدارەدراو (لەیلا قاسم) بووەتە سمبوڵی ئەو بەرخۆدانە لەو قۆناخە ئەوجا (لەیلا قاسم)ێك لەقەزای سۆران ناوی خۆی کردۆتە (حیکمە قاسم).

دەبێت نهێنی ئەو گۆڕانکارییە چی بێت کە بەسەر بیروباوەڕی ئەو بنەماڵەیەدا هاتبێت و، وای کردبێت ئایدیای ئیسلامی بەسەر ئایدیای نەتەوەییدا زاڵ بێت؟! ئەمە پرسیارێکەو بۆ دەست کەوتنی وەڵامەکەی دەبێت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی واقیعی بۆ بکرێت و بەچاوێکی کەمەوە سەیری نەکەین. لەناوی کوڕەکاندا، ڕێژەی لە (١٢٪)یان ناوی خۆیان کردۆتە (محەمەد).

**دووەم:** لەنێوان ١٢/٥/٢٠٠٥ تاوەکو ٢/١٠/٢٠٠٥، لە (٥٦) ژمارەی ڕۆژنامەی (خەبات)دا، (١١٠) کەس ناوی خۆیان گۆڕیووە، کە (٧٤) کوڕو، (٣٦) کچ بووینە. لەوانە، (٧١) ناو لەعەرەبییەوە بۆ کوردیو، (٣٣) ناو لەکوردییەوە بۆ کوردیو، یەك ناو لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردیو، دوو ناو لەفارسیەوە بۆ کوردیو، سێ ناو لەعەرەبییەوە بۆ عەرەبی بووە. هیچ ناوێك نەبووە ناوی خۆی لەکوردییەوە بکاتە عەرەبی. ئەو سێ ناوە عەرەبییەش کە دووبارە کراونەتەوە عەرەبی، ئەمانە بووینە، (سەددام، کەوسەر، عوسمان)، بوونەتە، (زەکەریا، مریەم، شاکر). هەندێك لەو ناوانە گۆڕینیان لەعەرەبیەوە بۆ کوردی ئاسان بووە.. نموونەی، (موهێمن) بووەتە (هێمن)، یان (ڕیاز) بووەتە (ڕەوەز).

**سێیەم:** ژمارەو بەراوردەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە پێکەوە، لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا، (٢٤٢) کەس ناوی خۆیان گۆڕیووە کە (١٦٩)یان کوڕو (٧٣)یان کچ بووینە، لەوانە، (٩١) ناو بەڕێژەی ٣٧,٦٪ لەعەرەبییەوە بۆ کوردیو، (٣٦) ناو بەڕێژەی ١٤,٨٪ لەکوردی بۆ عەرەبیو، (٥٨) ناو بەڕێژەی ٢٣,٩٪ لەعەرەبییەوە بۆ عەرەبیو، (٥٣) ناو بەڕێژەی ٢١,٩٪

لەکوردییەوە بۆ کوردیو، دوو ناو بەڕێژەی ٨,٠% لەفارسییەوە بۆ کوردیو، یەك ناو بەڕێژەی ٤,٠% لەفارسییەوە بۆ عەرەبیو، یەك ناو بەڕێژەی ٤,٠% لەئینگلیزییەوە بۆ کوردی، ناوەکانیان گۆڕاوە.

لەناوی کوڕەکاندا (٩)یان، ناویان (سەددام) بووە کەڕێژەی ٣,٥%ی ناوە گۆڕاوەکان پێکدەهێنن، حەوت کەسیان خەڵکی هەولێر بوونەو، دووەکەی تریش خەڵکی خەباتو ئاکرێ بوونە... لە (سەددام) ناودا، هەولێر بەشی شێری بەرکەوتووە.. هەڵبەتە هۆی گۆڕینی ئەو ناوەش بەهۆی بەسەرچوونی دەوری سەددامو زێتر ئاشکرابوونی تاوانەکانیەتی، کە خەڵك پێی شەرمە لەو سەردەمەدا خاوەنی ئەو ناوە بێت، کە بۆتە ڕەمزێك بۆ تاوانو دڕندەیی لەسەرتاسەری جیهاندا. (ئوسامە)ش، لەپاش نەوەدەکانەوە، زێتر لەناو کورددا تەشەنەی کردووە. خەڵکێك هەیە لەشەرمی روان، بەهۆی ئەو کارە قێزەونانەی گرووپەکەی ئەو باندە کە لەسەرتاسەری جیهاندا ئەنجامی دەدەن، ناوەکانی خۆیان دەگۆڕن، بەپێچەوانەوەش، تا ئێستاکەش خەڵکانێکی کورد هەن ئەو ڕەمزە پڕ لەتاوانو شەرمەزارییە بەتاجی سەری هەموو موسڵمانان دەزانن و، منداڵەکانیان بەو ناوە ناوزەد دەکەن. لەناوە گۆڕاوەکاندا شەش (ئوسامە) دەبینرێن، کە دوانیان خەڵکی هەولێرو، دوانیان خەڵکی خەباتو، یەکیان خەڵکی مێرگەسوورو، یەکیان خەڵکی (سۆران)ن. دوو (موسعەب)یش کە خەڵکی هەولێرن، ناوەکانیان کردۆتە (ئاریو ڕەوشت). یەك (ئەیمەن)ی هەولێریش بووەتە ئاکار.

لەرۆژنامەی (یەکگرتوو)دا، لەکۆی (١٣٢) ناو بەڕێژەی لە ٣٠,٣% کراونەتە کوردیو، بەڕێژەی ٩٦,٦%یش کراونەتە عەرەبی... ئەو خەڵکەی زێتر

سەر بەڕەوت‌و فکرە ئیسلامییە سیاسییەکانن، گۆڕینی ناوەکانیشیان لەرۆژنامە ئیسلامیەکاندا بلاوکردۆتەوە، رۆژنامەی (یەکگرتوو)ش باشترین‌و بەرچاوترین شایەدحالی ئەو ڕاستییەن.

لەرۆژنامەی (خەبات)یشدا لەکۆی (١١٠) ناودا، بەڕێژەی ٩٧,٢٪، ناو کراونەتە کوردی‌و، بەڕێژەی لە ٢,٧٪یش کراونەتە عەرەبی کە ئەوانیش هەر لەبنچینەوە عەرەبی بووینە.. ئەو خەلکانەی لە (خەبات)یشدا ناوەکانی خۆیان گۆڕیووە، زێتر خەلکی نەتەوەخوازو سەر بەبیری کوردایەتی بووینە.

لەهەردوو رۆژنامەکەدا، (١٤٧) ناو بەڕێژەی ٦٠,٧٪ ناوەکانی خۆیان لەعەرەبی‌و کوردی‌و فارسی‌و ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، گۆڕیوە. بەپێچەوانەش (٩٥) ناو بەڕێژەی ٣٩,٢٧٪، ناوەکانی خۆیان لەکوردی‌و عەرەبی‌و فارسی، بۆ عەرەبی گۆڕیوە.

لەو بەراورد کردنەدا، زۆر بەزەقی رۆلی رۆژنامەو راگەیاندنەکانی پارت‌و گرووپ‌و کۆمەلە ئیسلامییەکان، لەتەعریب کردنی کۆمەلگەی کوردستاندا بەرجەستە دەبێت، کە (ناو) یەکێکە لەو نموونانە[1].. بۆیە پێویستە بەچاوی بەهەند هەلگرتن، لەم مەسەلەیە بڕوانرێت‌و، میکانیزمی گونجاوو بەدواداچوونی واقیعی، دوور لەهزری توندڕەوی بەهەردوو بارەکەیەوە

---

١- لە لێکۆلینەوەیەکی زانستیدا دەرکەوتووە کە (ئەوانەی هەستێکی ئایینی بەرزیان هەیە، دینداریەکەیان دەوری هەبووە لە وازهێنان لەناوی نەتەوەیی‌و گەڕانەوە بۆ ناوی عەرەبی‌و ئیسلامی لەناو نانی منداڵ‌و شوێنی کار... هەروەها زۆربەیان بەڕێژەی ٦٠,٣٠٪ لەگەل گەڕانەوەی خەلاتی ئیسلامیدان‌و تەنیا ٢٧,٨٨٪یان لەگەل دەولەتێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆدان...) بڕوانە:-
- موسلیح ئیروانی، ئیسلام‌و ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، ل٨٨و ١٤٠.

(ئیسلامی‌و نەتەوەیی)، بۆ دابنرێت.. چونکە بڵێین‌و نەڵێین‌و، دەیان بۆچوون‌و بیانوو بهێنینەوە، ناو یەکێکە لەمۆرکە دیارەکانی ناسینەوەی نەتەوەو، پاراستنی زمان... ئاوڕدانەوەو حسێب نەکردنیش بۆ ئەم دیاردەیە، بەهەند هەڵنەگرتنی پاراستنی زمان دەگەیەنێت.

## جارێکی تریش "ناو گۆڕین"

ئەمجارەیان پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ، لێکۆڵینەوەیەکی تری مەیدانی‌و بەراووردکاریم لەسەر ناو گۆڕین لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئەنجامدا... لەڕۆژی ١١/٩/٢٠٠٧ تاوەکو ٢٣/١٠/٢٠٠٧، لەماوەی (٤٢) ڕۆژدا، لە (٣١) دادگای شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، (٢٠٠) ناوی گۆڕدراوم لەلای خۆم تۆمارکرد... ناوەکانیش لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ، خەبات، کوردستان ڕاپۆرت، هاووڵاتی، یەکگرتوو، جەماوەر، زاری کرمانجی، هەواڵ)دا، بڵاوکراونەتەوە.

* ئەمجارەیان، ڕێژەی ناو گۆڕینەکە، لەبەرژەوەندی ناوی کوردیدا بووە، کە (٨٨) ناویان بەڕێژەی (٤٤٪)، ناوەکانی خۆیان لەعەرەبییەوە کردۆتە کوردی. (٦٥) ناویشیان بەڕێژەی (٣٥,٥٠٪) ناوەکانی خۆیان لەکوردی بۆ کوردییەوە گۆڕیووە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، بەرەنجامەکە هەر ناوی کوردی بووەو، سەرجەم (١٥٣) ناو بەڕێژەی (٧٦,٥٠٪)، ناوەکانیان بۆتە کوردی.

لەبەرامبەر ئەوەشدا، (٢٦) ناو بەڕێژەی (١٣٪) ناوەکانی خۆیانیان لەکوردییەوە بۆ عەرەبی گۆڕیووە. (٢١) ناویشیان بەڕێژەی (١٠,٥٠٪)، ناوەکانیان عەرەبی بووینەو، جارێکی تر بۆ ناوێکی تری عەرەبی گۆڕیوویانە. سەرجەم (٤٧) ناو بەڕێژەی (٢٣,٥٠٪)، ناوەکانیان کراوەتە عەرەبی.

* لەو شارو شارۆچکانەی خوارەوەدا ناوەکان لە (١٠٠٪) کراونەتە کوردی، جا (چ لەعەرەبی بۆ کوردی یان لەکوردییەوە بۆ کوردی) بێت، (شۆڕش، رانیە، هەڵەبجە، ئاکرێ، دوکان، چەمچەماڵ، شەقلاوە، سەید سادق، کەلار، دهۆك، قوشتەپە).

* لەو شارو شارۆچکانەشدا، بەپێچەوانەوە، ناوەکان لە (١٠٠٪) کراونەتە عەرەبی، گۆڕینەکەش لەکوردی بۆ عەرەبی یان لەعەرەبی بۆ عەرەبییەوە بووە، (بەردەڕەش، کۆیە، دەربەندیخان، زاخۆ، شارەزوور).

* لەو پازدە (١٥) شارو شارۆچکەیەشدا، رێژەی ناو گۆڕینەکان لە (کوردی بۆ کوردی یان عەرەبی بۆ کوردی)، کە سەرجەم کراونەتە کوردی، بەم شێوەیە بووە، (پشدەر ٩٠٪، سلێمانی ٨٧٪، شارباژێڕ ٨٥,٢٠٪، چۆمان ٨٠٪، رواندوز ٧٥,٥٠٪، پێنجوین ٧٥٪، سۆران ٧٣,٨٠٪، حاجیاوا ٧١,٣٠٪، هەولێر ٦٩,٢٠٪، پیرمام ٦٦,٦٠٪، تەقتەق ٦٦,٦٠٪، هەریر ٦٦,٦٠٪، عەنکاوە ٦٦,٦٠٪، مێرگەسوور ٦١٪، خەلیفان ٢٥٪).

* ناو گۆڕین لە (کوردی بۆ عەرەبی یان عەرەبی بۆ عەرەبی) کە بەرەنجام ناوەکان بوونەتە عەرەبی، لەم شارو شارۆچکانەشدا، ڕێژەکە بەم شێوەیە بووە، (خەلیفان ٧٥٪، مێرگەسوور ٣٨٪، تەقتەق ٣٣,٣٠٪، هەریر ٣٣,٣٠٪، پیرمام ٣٣,٣٠٪، عەنکاوە ٣٣,٣٠٪، هەولێر ٣٠,٨٠٪، حاجیاوا ٢٨,٤٠٪، سۆران ٢٦٪، رواندوز ٢٥٪، پێنجوین ٢٥٪، چۆمان ١٩,٩٠٪، شارباژێڕ ١٤,٢٠٪، سلێمانی ١٢,٩٠٪، پشدەر ١٠٪).

* لەڕووی زۆری ژمارەی ناو گۆڕینەکان، سلێمانی بەپلەی یەك دێت کە سی‌و یەك (٣١) ناوی لێگۆڕدراوە... ناو گۆڕینەکەش لەبەرژەوەندی ناوی کوردیدا بووەو، ڕێژەی گۆڕینەکە گەیشتۆتە (٨٧٪). دوای سلێمانی، هەولێر

دێت کە بیست‌و شەش (٢٦) ناوی لێگۆڕدراوە.. ڕێژەی ناو گۆڕینەکان (٦٩,٢٠٪) بۆ کوردی‌و (٣٠,٨٠٪)ش بۆ عەرەبی بووە.

* لەڕووی ژمارەی ناوە گۆڕدراوەکان (لەکوردی بۆ کوردی یان عەرەبی بۆ عەرەبی)و شوێنی بلاوکردنەوەیان، ژمارەکان بەمشێوەیە کەوتنەوە، (کوردستان راپۆرت ١٧، یەکگرتوو ١٥، کوردستانی نویَ ١٠، زاری کرمانجی ٢، خەبات ١، هاوولاتی ١، هەوالَ ١) ناویان بلاوکردۆتەوە..

* لەڕووی ژمارەی ناوە گۆڕدراوەکان لە (عەرەبی بۆ کوردی یان کوردی بۆ کوردی)و شوێنی بلاوکردنەوەیان، ناوەکان بەم شێوەیە دابەش بوون، (کوردستانی نویَ ٧٤، زاری کرمانجی ٣٦، کوردستان ڕاپۆرت ١٨، خەبات ١٦، یەکگرتوو ٨، هاولاتی ٢، جەماوەر ١).

* بەسەرنجدان لەم ژمارانە، (کوردستانی نویَ ٨٤، زاری کرمانجی ٣٨، کوردستان ڕاپۆرت ٣٥، یەکگرتوو ٢٣، خەبات ١٧) ناو گۆڕینیان بلاوکردۆتەوە... لەم ژمارانەدا،

- کوردستانی نویَ بەڕێژەی ٨٨٪ بۆ کوردی‌و (١٢٪)ش بۆ عەرەبی ناوەکانیان گۆڕیووە.

- زاری کرمانجی بەڕێژەی ٩٤,٧٠٪ بۆ کوردی‌و (٥,٣٠٪)ش بۆ عەرەبی بووە.

- کوردستان ڕاپۆرت بەڕێژەی (٥١,٤٠٪) بۆ کوردی‌و (٤٨,٦٠٪)ش بۆ عەرەبی بووە.

- یەکگرتوو بەڕێژەی (٣٤,٨٠٪) بۆ کوردی‌و (٦٥,٢٠٪)ش بۆ عەرەبی بووە.

- خەبات بەڕێژەی (٩٤,١٠٪) بۆ کوردی‌و (٥,٩٠٪)ش بۆ عەرەبی بووە.

بەسەرنجدان لەو ڕێژانەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) کە ئۆرگانی پارتێکی کوردی ئیسلامییە، لەهەموویان زێتر ناوی کوردی لێکراوەتە عەرەبی‌و، کار ئاسانی بۆ ئەو کەسانە کردووە کە ناوەکانیان بۆ عەرەبی گۆڕیووە. دوای ئەویش (کوردستان ڕاپۆرت) بەپلەی دووەم‌و (کوردستانی نوێ) بە پلەی سێیەم دێت.

* لەو (٢٠٠) ناوەدا، (١٢٦) کوڕ بەڕێژەی ٦٣٪و (٧٤) کچ بەڕێژەی (٣٧٪)، ناوەکانی خۆیانیان گۆڕیووە.

وا لەخوارەوەشدا نموونەی هەندێك لەناوە گۆڕدراوەکان، بەهەموو شێوەکانیەوە بلاّو دەکەینەوە،

| ناوی کۆن | ناوی تازە | ناوی کۆن | ناوی تازە | ناوی کۆن | ناوی تازە |
|---|---|---|---|---|---|
| بەدر | بەلێن | عەبابەکر | کاوە | هەمین | تابلۆ |
| فاتح | گیڤارا | شەوین | شە یماء | ئەمین | سەبوور |
| حاتەم | ڕەوشت | ئیلاف | هێلین | حەلیمە | زۆزان |
| ڕەوەند | سهێب | عبدالقادر | ئارام | سیپان | شایان |
| نەغەم | هەنار | نەزیرە | نازێ | وێران | دێرین |
| محمدامین | ئازاد | حمدأمین | فەرهاد | قادر | توانا |
| خەبات | موسلیح | خەدیجە | خەلیجە | عوسمان | ئەحمەد |
| ئاسۆ | عبدالرحمان | عائشە | حنان | لاڤە | ئیمان |
| هلال | ئاسوودە | أسامە | عبدالله | جیهاد | هۆشمەند |
| مستەفا | باهۆز | مصعب | عبدالرحمان | پاڤێل | ئەحمەد |
| شاری | ئاریان | مریەم | لاڤە | عبدالله | عیماد |
| عبدالمطلب | نەریمان | مەروە | لارا | کرمانج | محەمەد |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ستار | دیار | عبدالحمید | سەڤین | سەرهەد | عبدالباری |
| رەجەب | ئاسۆ | زەردەشت | هونەر | کوردۆ | مستەفا |
| کەباب | کەیوان | شاجوان | جوانە | خەنساء | گەژین |
| مژار | هەوار | جمعە | هەنگاو | ئەبوبەکر | کاروان |
| زەینەب | ڕەیان | سالح | هێدی | عەجیب | ئەیوب |
| کۆژان | کۆژین | تاریق | کۆسار | عبدالرحیم | خەبات |
| هاڕون | ئەنیس | عەتیە | ئەوین | ئیسماعیل | یوسف |
| بێزار | بڵند | عەلیم | هێمن | فاتمە | شەیماء |
| وڵات | مەهدی | باپیر | ئاکام | ئەچین | ئەژین |

# بەشی پێنجەم:

# هۆکارەکانی ناو لێنان و ناو گۆڕین

## بەندی یەکەم: هۆکارەکانی ناو لێنان

بەپێی گۆڕان و قۆناخەکانی مێژوو، ناو لێنان لەکۆمەڵگەی کوردی، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لەکوردستاندا، ناوی عەرەبیو ئیسلامی نەبووبێت، ئەوا لەگەڵ ئیسلامبوونی کورد، ناولێنانی کەسو شوێنیش، گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

هەڵبەتە لەناونانی کەس کۆمەڵێك هۆکار ڕۆڵی خۆیان بینیووە لەکارا کردن و بەرەو پێشچوونی، کە گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا، خۆیان دەبیننەوە:

١- **پیرۆزیو کاریگەریی ئیسلام:** پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام وەك ئاینێکی تازە، کۆمەڵێك دیاردەو مۆراڵی تازەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە پێشتر بەو دەڤەرە نامۆ بوون. سەرەتای ئەو پرۆسەیە، کەمێك سست بوو، دواتر بەتێپەڕبوونی کات، دیاردەکە پەرەی سەندو، جێگای خۆی لەناو کولتوری کوردیدا کردەوەو، بنەماکانی ڕەگاژۆو تۆکمە کرد. لەگەڵ بەئیسلامبوون، ناوی تاکەکانو شوێنەکانیش کرانە عەرەبی... سەرەتا ئەو ناوانەی کەناوی پێغەمبەرو خانەوادەو خەلیفەو کەسوکارە نزیکەکانی، زۆر بە بەربلاوی بڵاو بوونەوە.

خەڵکی سادەی کورد، بەتایبەتیش لادێنشینەکان تا شەستەکانی سەدەی ڕابردووش، بەزۆری ناوەکانی وەك، (محەمەد، مستەفا، عەلی، عەبدوڵڵا،

عومەر، حەسەن، حوسەین، عائیشە، خەدیجە، فاتیمە، عوسمان، ئەحمەد، ڕەسوڵ، ئامینە، حەلیمە)یان لەمنداڵەکانیان دەنا.. بۆیەش ئەو ناوانە، چونکە ناوی پێغەمبەرو کچ و ژن و کچە زاکانی و، ناوی هاوەڵ و خەلیفەکانی ئیسلام بووینە. تا ئەو سەردەمانە، خانەوادە نەبووە، یەکێك لەو ناوانەی تێدا نەبوویێت.

٢- **چاولێکەری کوێرانە:** لەبەر ئەوەی قورئان بەعەرەبی و، پێغەمبەری ئیسلامیش سەر بەنەتەوەی عەرەب و، تەواوی بنەماکانی ئایینی ئیسلامیش لە (شوێنی سەرهەڵدان، ڕێبەرەکان، زمان، هۆکارەکان)، هەر عەرەبی بووینە.. خەڵکی سادەی موسڵمان، هەموو شتێکی عەرەبی لا پیرۆز بووە. ئەگەرنا، کوێرانە لاسایی هەموو شتێکی نەدەکردەوە. ئەو ناوە ناشیرینانەی لەمنداڵەکانی خۆی نەدەنا. هەتا ئەم دوا دواییەش لەخەڵکی نەخوێندەوارو ڕەشۆکیەکەی کورد دەبیستریّ کەپاش مردن و ڕۆژی زیندوو بوونەوەش، پرسیارو وەڵامەکان هەر بەعەرەبی دەبن.. ئەو ترسە باکگراوندێکی نیگەتیفی لەسەر هزرو دەروون و بیرکردنەوەی تاکی کورد جێهێشتووەو، نەیتوانیووە لێیدەرباز بێت.

پاش ئەوەی عەرەبەکان ناوی تازەو هاوچەرخی وەك، (جمال، کمال، سمیر، ناصر، مظهر، بشیر، شذی، ندی، رشا، أحلام، وفاء، لیماء، سمیرە، أمیرە، أنغام)یان داهێنا، کوردەکانیش، بەتایبەتیش شارنشینەکان، هەمان ئەو ناوانەیان گواستەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری[١].

---

١- گوشاد حەمەسەعید، ناوی کوردی و دابونەریتەکانی ناونان لەکوردەواریدا، گۆڤاری (هەلاڵە)، ئەڵمانیا، ژمارە (٣)، گەلاوێژی ١٩٩٩، ل٢٩.

لەدوای ئەو ڕابوونە جیهانییەی ئیسلامیش بەتایبەتیش دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ١٩٧٩و، دەرکەوتنی سەدان پارتو گرووپو کۆمەڵەی ئیسلامی لەدوای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کۆمەڵێك ناوی تازەی عەرەبی وەك، (عالم، شهد، رعد، سمية، إيلاف، أسامة، أماني، صفاء، ريان، آية، حنان، مروان، هدى، مؤمن، رؤيا، أيمان، رباني، نور، مالك، زينة، أسماء)، هاتنە ئاراوە.. کۆمەڵگەی کوردیش، بەچاوساخیو هاندانی گرووپە ئیسلامییە کوردەکان، ئەو ناوانەیان گواستەوە کوردستانو، بەباڵای منداڵەکانیان دابڕی.

٣- **بۆنەو کارەساتو ڕووداو:** زۆر جاران کارەساتو بۆنەو ڕووداوی وا دەقەومێن، کە کاریگەرییەکی تۆخی بەسەر هەستو بیرکردنەوەو حاڵەتی دەروونی کەسە نزیکەکانی ئەو دەڤەرەی کە ڕووداوەکانی تێدا قەوماوە، جێدەهێڵێت.. پاڵەوانی ڕووداوەکان، یان ئەو وشانەی کە گوزارشت لەبەرەنجامی ڕووداوەکان دەکات، بوونەتە ناوو جێگا خۆیان کردۆتەوە..

جاران ئەگەر یەکێك لەمانگی حاجیان (ئەو مانگەی موسڵمانان حەجی تێدا دەکەن) لەدایك ببووایە.. یان ئەو ئافرەتە دووگیانەی کە دەچووە حەج، جا چ لەکاتی بەجێگەیاندنی مەراسیمەکە، یان دوای گەڕانەوە، منداڵەکەی ببووایە، گەر کوڕ بووایە ناویان دەنا (حاجی).

یان گەر لەمانگی (ڕەمەزانو شەعبان)دا لەدایکببوونایە، ئەوا ناوی ئەو مانگانەیان بەسەردا دەبڕان.. ئەو ناوە کۆنو ناخۆشانە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، خەڵکانێك هەن ئەو ناوانە لەمنداڵەکانیان، بنێن.

زۆر بۆنەو ڕووداوی تریش هەن کەبوونەتە (ناو)... یان ناوی تازەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. نموونەی ئەو ناوانە:

- نەورۆز: گەر منداڵێك لەرۆژی نەورۆز لەدایکببووایە، ئەو ناوەی لێنراوە.

- بەفرین: کاتی لەدایکبوونی بەفر باریووە.

- ئاراس: پاش دەربازبوونی پێشەوا (مستەفا بارزانی) لەچۆمی ئاراس لەساڵی ۱۹٤۷دا، ئەو ناوە بە بەربلاوی بلاوبۆوە.

- هەرێم: لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆرشی نوێی گەلەکەمان لەساڵی ۱۹۷٦و، دروستبوونو دابەشبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بەسەر (لق، هەرێم، تیپ)، ئەو ناوەش هاتە ئاراوەو بوو بەناوی منداڵان.

- دێچۆل: پاش تێکدان و ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەدوای بەهاری ۱۹۸۷دا، ئەو ناوەش بووە ناوێکی تازەو، وەك گوزارشت کردن لەو ڕووداوو حاڵەتە، بە باڵای لەدایکبووانی ئەو قۆناخە دابڕا.

- کاژین، کواژین، بێژین: ئەو ناوانە لەدوای شەڕی خۆکوژی باشووری کوردستان ۱۹۹٤-۱۹۹۸، هاتنە ئاراوە. چونکە لەو قۆناخەدا، سەرەڕای خراپی گوزەرانی خەڵك لەڕووی ئابوورییەوە، شەڕێکی ئەرژەنگ و ناقۆڵای خۆکوژیش، ببووە تەمێك و ئاسمانی هەموو ماڵێکی ئەو دەڤەرەی گرتبۆوە.. لەو کاتەدا، چەندان گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستانو عێراق، هەبوو. ئیشو کار نەبوو. فەرمانبەرو کارمەندانی حکومەت بێ مووچە بوون. سەرباری هەموو ئەمانەش، رۆژانە، خوێنێکی زۆر لەجەستەی لاوانی کورد دەچۆڕا.. دەکرێت ئەو قۆناخە بەقۆناخی نائومێدیو سیس بوونی هیواکانی کورد لەقەڵەم بدەین.. بەشێك لە لەدایکبووانی ئەو قۆناخە، ئەو ناوانەیان بەسەردا برا.

- ئەنجوومەن: پاش دروستبوونی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەهاری ۱۹۹۲دا، ئەو وشەیەش بووە ناوێك و، چووە فەرهەنگی ناوی منداڵانی کوردەوە.

- حەز لێکردن‌و سەرسام بوون: زۆر جاران، سەرکردەو ڕێبەری هەرێمی‌و جیهانی، دەبنە هەوێنی دروستبوونی خۆشەویستی‌و، سێبەر بەجێهێشتن.. زۆر لەو سەرکردانەش، مرۆڤی دڕندەو بێزراو بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکانێك هەبوون کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو سەرکردانەو، بە بەردەوامی لەگەڵ کردەوەو هەڵوێستەکانیان دا، ژیاون. کۆمەڵگەی کوردیش بێبەری نییە لەو ناوە هەرێمی‌و جیهانیانە.. بەدەیان منداڵی کورد بەناوەکانی، (غاندی، نەهرۆ، گیڤارا، کاسترۆ، سەددام، ناسر، یاسر، هیتلەر)، ناودێر کراون.

٤- **خەون:** لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوارو دواکەوتووە، زۆربەی تاکەکانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیرو بۆچوونی وەهمی‌و خەیاڵ ئامێز.. هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆر کەس هەن بڕوایان بەجادوو فاڵ‌و لێکدانەوەی خەون‌و، داوای یارمەتی کردن لەگۆڕی پیاوچاکان، هەیە. خەون یەکێکە لەو باکگراوندانەی کە بۆتە هۆکارێك بۆ ناو لێنانی منداڵان..

هەر بۆ ئەو مەبەستەش، پێم باشە، خەونی ئەو دوو ئافرەتە کوردە تۆمار بکەم، کە بۆتە هۆکارێك بۆ ناولێنانی منداڵەکانیان:

- پرشنگ، ئافرەتێکی مۆدێرنەو خاوەنی چەند کچ‌و کوڕێکە، ناوەکەی خۆیشی، ناوێکی کوردی خۆش ئاوازو پڕ مانایە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك کە دووگیان دەبێت خەون دەبینێ. پرشنگ لەم بارەیەوە دەڵێت: لەخەونمدا، کوڕێکی جوانم بینی. کوڕەکە پێی گوتم: ناوم عومەرەو، کوڕی تۆمە... پاش بەئاگا هاتنەوە، بەڵێنم دا گەر زگەکەم کوڕ بوو، دەبێت ناوی (عومەر) بێت. ئەنجام زگەکە (کوڕ) بوو و (عومەر)یش بووە ناوی ئەو منداڵە.

- بەدیعە: حاجییەو ژنێکی نەخوێندەوارەو تەمەنی لەسەرووی (٦٥)ساڵیدایە. ناوبراو دەگێڕێتەوە، لەخەونمدا، بووکەکەم پاش بوونی چەند کچێك،

کوڕێکی ببوو.. لەو خەونەمدا پێیان گوتم، دەبێت نـاوی کوڕەزاکـەت (مـەلا عوزێر) بێت. پاش ئەوەی بووکەکـەی کـوڕێکی دەبێـت، بڕیـار دەدات نـاوی (مەلا عوزێر)ی لێبنێت.. بۆ وەبیر هێنانەوەش، ئەو کاتی ئەو منداڵە لەدایك بووە، ئامێر فەوجێکی خەفیفە، ئەو ناوەی لێ بووە.

وێڕای ئـەوەش، بێئـەوەی ئـەو ئافرەتـە نەخوێنـدەوارە بزانێـت، (عـوزێر) یەکێکە لەو ناوانەی کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) حەزی لەو نـاوە نـەبووەو، گۆڕیشیەتی[1].

٥- **مردن:** پاش کارەسـاتو مـردنو لەدەسـتدانی یـەکێك لەئەنـدامانی خێزان، ئەگەر لەو سەروبەندەدا، منداڵێك لەدایك بێت ئـەوا نـاوی (شـیوەن، غەمگین، غەمبار، گریان، گرین)ی بەسەردا دەبـڕن. زۆر پـاش بـاب (کـاتی مردنی باوك لەسکی دایکیـان بووینـە) کـە لـەدایك دەبێـت، ئـەو ناوانـەی بەسەردا دەبڕێت.

(شیوەن، گرین)یش یەکێکن لەو ناوانەی کە لەڕۆژی کۆچی دوایی کردنی ڕێبەری کورد (مستەفا بارزانی) لـەو لەدایکبووانـە نـراون کـە لـەو ڕۆژەدا لەدایکبوونە.

٦- **بەناوکردن:** پاش مردنـی کەسـێکی بنەماڵـە، تـازە لـەدایکبووان، بەناوی ئەو کەسە مردووانە دەکرێت.. زۆر جاران منداڵ بـەناوی (بـاپیر، بـرا، خوشك، بـاوك)ەوە دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی یادگـاری ئـەو کۆچـکردووانە هـەر بەزیندوویی بمێنێتەوە.

٧- **کۆچ و دەربـەدەری:** ئـەو ناوانـەش زێـتر لـەدوای کارەسـاتی ئـازاری (١٩٧٥)و ناوەڕاستی هەشتاکانەوە سەری هەڵداوەو، دوای کۆڕەوە مەزنەکـەی

---

١- مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی، میدیا ژ (٣١٠) ل١٢.

١٩٩١ و دواتریش سەرهەلگرتنی بەلێشاوی گەنجو خانەوادەی کورد بۆ دەرەوە، تۆخترو فراوانتر بووە.. ناوەکانی وەك، (ئاوارە، کۆچ، بێلان، بێوار، وارڤان، وارڤین) لەپاش ئەو رووداوو، گۆڕانکارییانەدا، پەیدا بووینە.

٨- **سیمبوڵە نەتەوەییەکان:** سەرکردەو ڕێبەرەکانی کورد، کە شوێنی شایستەو بەرچاویان هەبوو لەسەرهەڵدانو ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی کوردو، بەدرێژایی مێژوو بوونەتە (سیمبوڵ)ێکو، بەناوی سمایل ئاغای سەرۆك هۆزی شکاك (سمکۆی شکاك) کراون، کە لە (١٩٢١-١٩٣٠)دا، ڕێبەرایەتی سەرهەڵدانێکی چەکداری لەرۆژهەلاتی کوردستاندا، کردووە.

- پیران: ناوی چیایەکە لەباکووری کوردستان، بەلاّم زێتر بەناوی (شێخ سەعیدی پیران)ەوە کراوە کە ڕێبەرایەتی شۆڕشێکی چەکداری لەچیای (پیران)ی باکووری کوردستان، لەساڵی ١٩٢٥دا کردووە.

- پێشەوا: دوای دروستبوونی کۆماری مهابادو، لەسێدارەدانی پێشەوا (قازی محەمەد) ئەو ناوە سەریهەڵداوە.. (مهاباد)یش وەك ناوێکی کچانە لەو سەروبەندەدا، هاتۆتە ئاراوە.

- بارزان: زێتر بەناوی ناوچەی بارزان کراون کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی کورد، بۆتە سیمبوڵی سەرهەڵدان و راپەڕینی کوردو، (بارزانی)یش رۆڵەو ڕێبەرێکی ئەو ناوچەیە بووە.

- شاسوار: ئەو ناوە زێتر دوای شۆڕشی نوێی گەلەکەمان (١٩٧٦)و، دوای دەرکەوتنی شاسوار جەلال (شەهید ئارام)، وەك سەرکردەیەکی باڵێك لەباڵەکانی ئەو شۆڕشە، پەرەی سەندووە.

**٩- گۆرانیبیژو کاره هونەرییو ئەدەبییە بەرزەکان:** زۆر جاران کەسایەتییەکی هونەری، یان ژانرێکی ئەدەبی، دەبێتە ناوو، بە بەربلاوی وەك خۆشەویستییەك بۆ ئەو کەسو کاره ئەدەبییانە، بلاو دەبێتەوە نموونەی:

- شڤان: زێتر دوای دەرکەوتنی هونەرمەندی شۆڕشگێڕ (شڤان پەروەر)، ئەو ناوە دەرکەوتووە.

- زیرەك: عاشقانو هەوادارانی (حەسەن زیرەك)، مندالەکانیان بەو ناوەوە کردووە.

- زریان: پاش دەرچوونی کۆمەلە شیعری (زریان)ی شاعیر (ئەنوەر قادر محەمەد)، لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کەسەدایەکی باشی هەبوو.. زۆر بنەمالەی بەئاگا لەکاری ئەدەبی، ئەو ناوەیەیان لەمندالەکانیان ناوە.

- ریژنە: ئەوەش زێتر بەناوی ئەو کۆمەلە شیعرەی شاعیر (رەفیق سابیر)ەوە کراوە، کە لەکۆتایی حەفتاکاندا بلاوبۆتەوە. ئەو دوو کۆمەلە شیعرە (زریانو ریژنە)، دەنگدانەوەیەکی باشیان هەبوو و هانی خەلکیان دەدا بۆ بەرخودانو بەرەنگاربوونەوەی رەفتارەکانی ئەو کاتەی رژێم... ورەو هیواشیان لەدەروونی خەلکیدا دەچاند.

- زنجیرە درامای (خۆشەویستی خەمناك)، لەم دوا دواییەشدا، وەرگێرانو دۆبلاژکردنی ئەو زنجیرە دراما کۆرییە، بۆ کوردیو، پەخش کردنی لەلایەن کەنالی (کوردستان TV)، لەناوەڕاستی ٢٠٠٧دا، کاریگەرییەکی دەروونی زۆری بەسەر بینەرانیدا بەجێهێشتووە.. خەلکێکی زۆر بەعەشقەوە سەیری ئەو زنجیرە درامایەیان دەکرد. بەتەواوی تێکەلّ بەڕووداوەکانی دەبوون.. بەسەرکەوتنی پالەوانەکانی دلخۆشو، بەنشوستهێنانیشییان، دلتەنگ دەبوون.

پاڵەوانەکانی ئەو کارە هونەرییە، کچو کوڕێك بوون بەناوەکانی (هاینو ژوانیۆ)... زۆر لە لەدایکبووانی ئەو کاتە (کاتی پەخشکردنی زنجیرەکە)، بنەماڵەکانیان، ناوی (هاین)یان لەکچەکانیان ناوە[1].

پاش کۆتایی هاتنی دراماکەش، زۆر لەو کچو کوڕە کوردانەی کە گیرۆدەی خۆشەویستی بوونە، هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.. دوو خۆشەویستیش لەناوچەی (سۆران)، بڕیار دەدەن گەر هاوسەرێتیان پێکهێناو، منداڵیان بوو، ناوی بنێن (ژوانیۆو هاین)[2].

١٠- **شاعیرانی کورد:** هەر چەندە زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد، خاوەن باکگراوندێکی کولتووری عەرەبیو ئیسلامی بووینە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەستی نەتەوەییان زێتر زاڵ بووە.. لە (نالیو کوردیو بێسارانیو بێکەسو هەژارو هێمنو گۆرانو دڵزارو شارەزاو کاردۆخیو مەدهۆشو دڵدارو جگەرخوێنو دەشتیو کانیو زیوەرو ئەختەرو ئەخۆڵو کامەرانو دیلانو پیرەمێردو خانیو بۆتانیو.... تاد) بگرە، تا دەگاتە، (پەشێوو پەژارو هەڵمەتو رەنجبەرو شاکەڵو بێبەشو ڕەنجدەرو سامانو کۆچەرو هەستیارو... تاد) هەر هەموویان ناوی راستەقینەیان عەرەبی بووە، بەڵام نازناوێکی کوردییان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی پێیەوە بناسرێن. لەگەڵ پەیدابوونو، ناوبانگ دەرکردنی ئەو کەسایەتییانە، ئەو ناوانەش بەباڵای منداڵانی کورددا بڕاوەو، هەوادارانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، هەوڵیانداوە، بەو ڕێچکەیەدا بچنو، لەناولێنانی منداڵەکانیان، لاسایی ئەوان بکەنەوە..

---

١- لەرۆژی ٢٨/٨/٢٠٠٧دا سەردانی فەرمانگەی (تۆمارکردنو لەدایکبوون- هەولێر)م کرد، ئەو دیاردەم بەرچاوکەوت.

٢- ماڵپەڕی (هاوڵاتی) www.hawlati.com، رۆژی ٣٠/٩/٢٠٠٧.

١١- **هۆکاری تر:** زۆر هۆکاری تر هەن کە دەبنە بنەما بۆ ناولێنان... بۆ نموونە:- لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتیو باوک سالارییە، هەتا ئێستاش، رەگەزی نێر، ئەو گرنگییەی جارانی لەدەست نەداوە.. ئەگەر خانەوادەیەك لەناو (٤-٥) کچدا کوڕێکیان ببێت، ئەوە ناوی دەنێن، (شوان، سەردار، سەروەر...).

هەندێ جارانیش ناوی دەنێن (زیاد) وەك سوپاسگوزارییەك بۆ خودای پەروەردگارو، دروستکردنی قەناعەتێك بۆ خۆیان.

- زۆر خانەوادە هەن لەچاوەڕوانی کوڕ دان، کەچی هەر کچیان دەبێت. بۆیە ناوی (بەسێ، کافیە، نیهایەت) لەکچەکانیان دەنێن. خۆم خانەوادەیەك دەناسم لەچاوەڕوانی کوڕدا، کچەکانیان بەم ناوانە کردووە: (بەسێ، کافیە، ئاخیرەت)... کە ئەوەی دواییان بەمانای (کۆتایی) دێتو، هیچ مانایەکی خۆشو مژدەبەخشی تێدا نییە.

## بەندی دووەم: هۆکارەکانی ناو گۆڕین

چەند هۆکارێکی سەرەکی هەن بۆ ناو گۆڕین، هۆکارەکانیش لەکۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، جیاوازییان هەیە. لەکۆمەڵگەی کوردیو، لەو سەردەمەدا، بەپێداچوونەوەو سەرنجدان لەلیستی ئەو ناوە گۆڕدراوانەی کە لەرۆژنامە کوردییەکاندا بلاو دەکرێنەوە، دەکرێت هۆکارەکان بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

١- **قەدەخە بوون:** رژێمی بەعس، وەك چۆن ترسی لەهێزەکانی پێشمەرگە هەبوو، بەهەمان شێوەش هەوڵی دەدا، ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەکەسێتی کورددا هەبوو، بسڕێتەوە.. هەر بۆیە، لەدوا دواییەکانی رۆژەکانی تەمەنیدا،

لەو بەشە کوردستانەی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەبڕیارێك ناولێنانی کوردی قەدەخە کرد.

ناوی کوردی یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە هەڵگری ناوەکە بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی و، دەیان کێشەو گرفتی بۆ دروستکردووە.. بەتایبەتیش لەشاری کەرکوك و دەوروبەریدا. دوای نەمانی سەددام، وردە وردە خەڵك ناوەکانی خۆیان دەکەنەوە کوردی. لەم بارەیەوە، (**هەردی خدر**) دەڵێت، (.... تا ڕابردوویەکی نزیك و، بەر لەڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەچەند ڕۆژێك، گەر کەسێك هەڵگری ناوێکی کوردی بوایە، ئەوە لەکەرکوکدا تاوانبارێکی هەمیشەیی بوو.. سەرەڕای ئەوە، ئەوەندە بەس بوو لەناو بازاڕدا بەدەنگێکی بەرز بانگی ئەو کەسەت بکردابوایە تا ببوایە بە مایەی گومانی مەفرەزەکانی ئەمن و ئیستخباراتی بازاڕ..) ناوبراو بەردەوام دەبێت و دەڵێت، (.... هەر چەندە لەسەردەمی بەعس قوتابی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم، بەڵام بەدەیان جار مەفرەزەکانی ناو شار بیانوویان پێگرتووم و دوو جاریش دەستگیریان کردووم و، لەجاری یەکەمدا ١٥ ڕۆژو لەجاری دووەمدا دوای بیست ڕۆژ ئازادیان کردووم...)[١].

(دیار بەکر)یش دەڵێت، (لەسەردەمی بەعسدا ناوم "مەندیل" بوو، پاش بەرتیلدانێکی زۆر توانیم ناوەکەم بگۆڕم بە (دیار)، لەبەر ئەوەی کە پێموایە ناو ڕۆڵێکی گرنگ لەباری دەروونی کەسەکان دەگێڕێت)[٢].

٢- **مانا بەخشین**: بەهۆی جیاوازی زمانی عەرەبی لەڕووی فۆنەتیکەوەو،

---

١- عیماد زەنگەنە، لە کەرکوك ناوەکان دەکرێنەوە بە کوردی، کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٣٨٨)، ٢/١٠/٢٠٠٧، ل٨.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نەخوێندەواری بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردی، تاچەند ساڵێك لەمەوبەریش، خەڵکێکی نەشارەزاو سادە، بەبێ ئەوەی لەمانای ناو، یان وشەکانی عەرەبی بگەن، هەر لەبەر ئەوەی ئەو ناوو وشانە لەعەرەبی و قورئاندا هاتوون، منداڵەکانیان بەم ناوو وشانە، ناودێر کردوون. هەندێك لەهەڵگرانی ئەو ناوانە، کاتێك کە گەورە بووینەو، هەستیان بەناخۆشی و کرێتی مانای ناوەکانیان کردووە، بۆیە هەستاون بەگۆڕینیان. نموونەی، (کەزیبان، شوکت، عەباس، ڕەعنە، روقیە، حەردان) کراونەتە، (ئاواز، هیوا، هێمن، شاناز، سازگار، دەشتی).

هەروەها لەبەر ئەو ڕووداوە کارەسات ئامێزانەی کە لەقۆناخەکانی مێژوودا، بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا هاتووە، زۆر ناوی کوردی نائومێدی بەخش و، هیوا بڕاویشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو، لەبەر هەر هۆکارێك بوویێت، ئەو خێزانانە، ناوی منداڵەکانیان بەو ناوانە ناودێر کردوون.. نموونەی، (غەمبار، ماندوو، غەمگین، بێزار، وێران) ئەمڕۆکە لەسایەی ئازادی و خۆشگوزەرانیدا، ناوەکان کراون بە (هەڵوێست، ڕاستی، دڵخۆش، بڵند، دێرین).

**(هەڵوێست نامیق)** کە جاران ناوی (غەمبار) بووەو، ئێستاکە تەمەنی نۆزدە ساڵانەو، ناوەکەشی کوردی بووە، لەبەر هۆکاری ناو گۆڕینەکەی دەڵێت، (ناوەکە لەگەڵمدا نەدەگونجا، چونکە ئەو کاتی لەدایکبووم لەساڵی ١٩٨٨، وەزعێکی سیاسی زۆر خراپ لەئارادا بوو، بەتایبەتی لەبارەی کوردو کوردستان، بۆیە ناویان لێنام (غەمبار) بەهۆی لێدانی هەڵەبجەو رووخانی دێهاتەکانمان، بەڵام ئێستاکە کاتێ کە بە غەمبار بانگیان دەکردم، زۆر هەستم بەشەرم دەکرد، چونکە من کەسێکی غەمبار نەبووم....)[1].

---

١- دیار عەزیز- بەشێك لە گەنجانی کورد ناوەکانیان دەگۆڕن، ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت، ژمارە (٣٠٠)، ٢٠٠٧/٩/٢٥، ل١٠.

**٣- دەمارگیری ئیسلامی:** پاش راپەڕینی ١٩٩١و، بەرقەرار بوونی ئازادیو، زەمینە خۆشبوون بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی، بەدەیان ڕێکخراوو پارتو کۆمەڵەو گرووپی ئیسلامی لەکوردستاندا، سەریانهەڵدا.. ئەوانە لەگەڵ خەبات کردنیان بۆ (گەڕانەوە بۆ ئایین)و، زیندووکردنەوەی حوکمی ئیسلامی لەکۆمەڵگەدا، گەر پێیان زانی بێت یان نا، بەشێوەیەك لەشێوەکان، چ لەخۆشەویستیان بێت بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، یان دژایەتیکردنیان بێت لەگەڵ ڕەوتە نەتەوەییەکاندا، ئەوا خزمەتێکی باشیان بەکەلتووری عەرەبی کردووەو، لەبەرامبەر ئەوەشدا گورزێکی کوشندەیان لەڕەوتی هوشیاری نەتەوەیی داوە.

باوکێکی ناو (قاسم)، کاتێك کە کچێکی دەبێت، لەبەر بەرزی هەستی کوردایەتی، خۆشەویستی خۆی بۆ پاڵەوانیەتی خوێندکاری زانکۆ، کچە قارەمان (لەیلا قاسم)، ناوی کچەکەی دەکاتە (لەیلا)... بەڵام لەم دوو ساڵەی دواییدا، گۆڕانێك بەسەر هەڵوێستیدا دێتو، کچەکەی لە (لەیلا)وە دەکاتە (حیکمەت).... هەر چەندە (لەیلا)ش هەر ناوێکی عەرەبییە، بەڵام لەکوردەواریدا بۆتە سومبولی بەرخودانی ئافرەتی کورد. جگە لەوەش، لەڕووی ریتمی مۆسیقاوەش، (لەیلا)، زۆر ئاسانترو خۆشترە لە (حیکمەت).

لەبەر ئەو ڕەوتانە، بەدەیان ناوی کوردی مانابەخش و خۆش ئاوازی وەك، (سیپان، هەژار، شەرمین، ئاوێستا، نەسرین، ڕێباز، سەروین، رەوەندە، کوردۆ)، کراونەتە، (مستەفا، محەمەد، بوشرا، ئەسماء، ئیلاف، عیمادالدین، ئاتینا، سوهێب، عبدالباری)، کە هەندێك لەو ناوانە، زۆر قورسنو نامۆشن بەکۆمەڵی کوردەواری.

**٤- ناوو ناتۆرە:** زۆر جاران کەسێك بەهۆی ناوەکەیەوە لەکۆمەڵگەوە تووشی کێشەی دەروونی دەبێت.... بەتایبەتیش کاتێك کە ناوەکەی کورت

دەکرێتەوە. یان بەمەبەستی سووکایەتی پێکردنەوە، ئەو ناوەی بەسەردا دەبڕن. نموونەی، (لەتیف دەکرێتە لەتە یان لەتۆ). خدر دەکرێتە خلە. مەحموود دەکرێتە عودە... تاد.

(**عەلی فاخیر**)ی تەمەن دە ساڵە، کە لەخێزانێکی ئاینیدا لەدایکبووە، هەر بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە. ئەو، وێڕای منداڵی خۆی دەڵێت، (...من هیچ دڵخۆش نیم بەو ناوەو، حەزم دەکرد ناوم "سامال" بووایە.. لەقوتابخانەشدا زۆر جاران قوتابییەکان بە "عەلە" بانگم دەکەن)[1]. (**مەروان شەمسەدین**)یش دەڵێت، (حەزم دەکرد ناوێکی کوردیم لێبووایە، چونکە لەناو منداڵاندا هەر بە "مەڕۆ" بانگم دەکەن). (**خدر**)یش هەر چەندە منداڵیشە، لەبەر ئەوەی پێیدەڵێن (خلە، خڕیلە)، زۆر جاران دەست بەگریان دەکاتو، دواتریش وازی لەقوتابخانە هێناوە.

٥- **هەستی نەتەوەیی**: بەهۆی ئازادیو، چاوکرانەوەی کوردو، دروستبوونی دامودەزگای کوردی دەوڵەت ئامێزو، بڵاوبوونەوەی هوشیاری نەتەوەیی، بەسەدان کورد، ناوەکانیان لەعەرەبییەوە کردۆتە کوردی.. نموونەی، (رەیان، ئەسراء، شوعەیب، عوسمان، واحید، محەمەد، لەتیف، عەبدولڕەحیم)، بوونەتە، (رەوەند، ژیان، شاهۆ، راوێژ، هاوڕێ، پشتیوان، دیاری، خەبات).

٦- **پیری**: پیری یەکێکە لەقۆناخەکانی ژیانی هەر بوونەوەرێك، کاتێك کە کەسێك بەناو ساڵاندا دەکەوێتو، بەرەو کۆتایی ژیان، هەنگاو دەنێت، هەست بە نائومێدیو، رەشبینی دەکات. بۆیە، پیری بەمانای پووکانەوەو،

---

١- دیار عەزیز- بەشێك لە گەنجانی کورد ناوەکانیان دەگۆڕن، رۆژنامەی کوردستان راپۆرت، ژمارە (٣٠٠)، ٢٥/٩/٢٠٠٧، ل١٠.

دەست لەخۆ بەردانو، کات بەسەرچوون دەگەیەنێت. لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەسەدان ناو هەن کەتایبەت بوونە بەقۆناخەکانی رابردوو.. شوێنی ئەوانە، بەدەیان ناوی تازەی کوردی پڕ کراوەنەتەوە... لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتاکە خەڵکانێك هەن، سەرەڕای تەمەن خونچە گوڵییان، ئەو ناوانەیان بەبالاّدا بڕاوەو، بوونەتە سومبولی پیریو، بەسەرچوون.. کاتێك کەناوێکی وەك، (خدرو مەولوودو خەلیفەو هەمینو عەیشێو خەدیجە)، دەبیستین، یەکسەر گەورەیی تەمەن بەبیرماندا دێت و، مەجبوور دەبین پێشگری (مام خاڵ، پوور)یان پیوە بلکێنین.. هەر لەبەر هۆکاری دەروونیو، هەڵوێست وەرگرتنی دەوروبەر، دەیان کەس ناوەکانی خۆیانیان لە، (غەریب، سلێمان، رەسوڵ، هەمین، خەدیجە، خدر، مەولود، عەیشێ، باپیر، خەلیفە، شێخە، هەمزە)وە، کردۆتە، (ئاری، دیاری، هەوراز، جوان، کەژاڵ، شوان، بەڵێن، بەناز، ئاکام، هاوڕێ، هیوا، رێبین..).

(**بەهائەدین ئەحمەد**)ی تەمەن ۲۲ ساڵان، کە قوتابی زانکۆیە، زۆر حەز دەکات ناوەکەی بگۆڕێت.. بۆیە دەڵێت، (من رقم لەناوی خۆمە، جا ئەبێ خەڵك بەلایەوە چەند قورس بێت. بەداخەوە عەقڵی کۆن وایکرد دەیان کەسی وەك من هەست بەدڵتەنگی بکاتو، لەڕووی دەروونییەوە خۆی بە بەشخوراو بزانێ... کاتێك کە بەووە بانگم دەکەن، زۆر شەرم لەخۆم دەکەم، چونکە ئەمە ناوی کەسێکە تەمەنی لەنێوان ٥٠-٦٠ساڵیدا بێت، نەوەك گەنجێکی ۲۲ ساڵی وەك من....)[١].

---

١- دیار عەزیز- بەشێك لە گەنجانی کورد ناوەکانیان دەگۆڕن، رۆژنامەی کوردستان راپۆرت، ژمارە (٣٠٠)، ٢٠٠٧/٩/٢٥، ل١٠.

(**دیار خەلیل**)یش، جاران ناوی (لەتیف) بووە، ئێستاکە لەپۆلی سێیەمی ناوەندیدایە، لەبارەی ناو گۆڕینی خۆیەوە دەڵێت: (چونکە ناوەکەم کۆن و عەرەبی بوو، بۆیەش بێتاقەتی کردبووم... ئێستاکە بەلای کەمی ناوەکەم کوردییەو لەکاتی بانگ کردنم هەست ناکەم کەسێکی پیرم...)[1].

٧- **تیرۆر**: جاران زۆر کەس هەبوون، لەبەر خۆشەویستی و سەرسام بوون بەو کەسایەتیانەی کە سەرکردەو رێبەری گرووپە ئیسلامییەکان بوون و، بانگەشەیان بۆ بە ئیسلامیبوونی کۆمەڵگە دەکرد، لەبەر ئەو هۆکارە، ناوی منداڵەکانیان بەو ناوانەوە ناودێرکردوون... وەلێ پاش ئەنجامدانی کاری توندوتیژی و، کە دەکرێت بخرێنە خانەی تیرۆرەوە... ئەمڕۆ لەسەرتاسەری جیهاندا، کەس نییە (موسعەب و ئوسامەو ئەیمەن) نەناسێت لەبەر ئەو ترسە، زۆر کەس لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ناوەکانی خۆیانیان لە (مصعب، ئوسامە، ئەیمەن، جیهاد)، کردۆتە ناوی (ئاری، گۆران، ئاکار، رەوەند)ی کوردی.

ئەو کەسانە یان لەبەر هەڵوێست وەرگرتن، یان لەترسان و لەبەر بوون بە نیشانە لەکۆمەڵگەدا، ناوەکانی خۆیانیان گۆڕیووە.

٨- **شەرمەزاری**: بەهۆی ناشایستەیی و قێزەوەنی ماناوە، خەڵکێکی زۆر هەن ناوەکانی خۆیان دەگۆڕن. ئەگەر جاران بەهۆی دەسەڵات و، باڵادەستی و، پەیوەستبوونی هەزاران کورد بەحیزبی بەعسەوە، کە سەددام سومبولێکی ئەو حیزبە بوو، سەدان کەس کورەکانی خۆیانیان بەناوی (سەددام)ەوە کردبێت... بەهۆی ئاشکرا بوونی تاوانە شاراوەکان و، گۆڕە بە کۆمەڵەکان،

---

١- دیار عەزیز- بەشێك لە گەنجانی کورد ناوەکانیان دەگۆڕن، رۆژنامەی کوردستان راپۆرت، ژمارە (٣٠٠)، ٢٥/٩/٢٠٠٧، ل١٠.

(سەددام) ئەمڕۆکە بۆتە سومبولّی لوتکەی تاوانو، تاوانباری، بەتایبەتیش بەلای کوردەوە... بۆیە ئەو ناو (سەددام)انە، هەست بە شەرمەزاری دەکەنو، ناوەکانی خۆیان دەگۆڕن...

ئەوەی جێگای سەرنجیشە، بەربلاّوی ئەو ناوە زێتر لەناوچەکانی سەر بەپارێزگای هەولێرو دهۆكو کەرکوکەوەن، بەدەگمەن لەناوچەی سلێمانی بەدیدەکرێت.

دەیان ناوی (ناخۆش، بێ مانا، بەهەڵە گۆکردن)ی تریش، ئەمڕۆکە ناوەکانیان دەگۆڕن... نموونەی: (دەرمان، سایق، میسر، کەسەر، ئەحیا، جامید، ڕێگر، کەباب، عەبابەکر، هەکشە!!). ناوەکانی خۆیان کردۆتە: (دڵدار، سامان، سانا، نازەنین، دانا، حامید، ڕێبوار، کەیوان، کاوە، ڕێناس).

پاش ئاشکرا بوونو دانپیانانەکانی (شێخ زانا)و هاوەڵەکانی لەرۆژی ٢٠٠٥/٧/١٢و، پەخشکردنی تاوانەکانیان لەکەناڵە (بیستراو، بینراو، نووسراو)وەکانی ڕاگەیاندا، بەدەیان منداڵی ڕوح سووكو بێوەی، لەبەر کارەکانی ئەو گرووپە، خۆیان بەشەرمەزار زانیووە، ناوەکانی خۆیانیان گۆڕیووە[١].

**٩- ڕاستکردنەوە:** لەبەر ئەوەی ناوەکان بەزمانێکی ترنو نامۆن بەفۆنەتیکی کوردی، زۆر جار ناوە ڕاستەقینەکەیان بەکار ناهێنرێتو، لەبری ئەوە، لەو ناوە، ناوێکی تریان بۆ دەتاشنو، هەر بەو ناوە داتاشراوەش، لەتۆمارە فەرمییەکاندا تۆمار کراون... ئەو کەسانە، ئەمڕۆکە ناوەکانی

---

١- لەبەشێکی تری ئەوناميلكەيە کەمێك بەدرێژییو، بەخستنەڕووی نموونەوە، باسی ئەو ناو گۆڕینانەمان کردووە.

خۆیان دەگۆڕن، یان راستیدەکەنەوە. نموونەی: (عەولا، سەعدۆ، برایم، حەمدۆك) بونەتە: (عەبدوڵلا، سەعدوڵلا، ئیبراهیم، حەمەد).

١٠- **جووت ناوی:** زۆر کەس لەتۆمارە فەرمییەکاندا، بەناوێکی ترەوە تۆمار کراونو، لەماڵو گەڕەكو کۆمەڵگەش، بەناوێکی ترەوە ناسراون. بۆیە، ئەمە دەبێتە کێشەو گرفتێك بۆیانو، ناچار دەبن، ناوەکانی خۆیان بکەنەوە یەك، بۆ نموونە (ئەحمەد) منداڵێکی تەمەن ١٤ ساڵانەو، لەتۆماری کەسێتیو قوتابخانەو دەزگا حکومییەکاندا، بەو ناوە ناسراوە... کەچی لەماڵو گەڕەکدا ناوی (باتۆف)ە. ئەمەش کێشەیەکی دەروونی بۆ دروستکردووەو، نازانێت لەنێوان (ئەحمەدو باتۆف)دا، کامەیان ناوە راستەقینەکەیەتی!!

لەبارەی ئەم جووت ناویو، دروستبوونی گرفتەوە، (شوان مەحموود) کە جاران ناوی (عبدالقادر) بووە، لەبارەی هۆکاری ناو گۆڕینەکەی دەڵێت: (تەنها لەقوتابخانەدا بە عبدالقادر بانگیان دەکردم... لەماڵو ناو خزمەکان ناوێکی ترم لێبوو، ئەویش شوان بوو... بۆیە ویستم ناوەکەم یەکخەم...). ناوبراو، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت: (لەقۆناخی سەرەتاییدا کێشەکان سەریانهەڵدا، لەقوتابخانەی سەرەتایی ناوی عبدالقادر محمود خوێندرایەوە، بەڵام من نەمزانی ناوی خۆمە، بۆیە سێ رۆژ فەسڵ کرام. دواتر دایکم گوتی: ئەوە ناوی عبدالقادرە، ئینجا وەرگیرامەوە...)[1].

---

١- دیار عەزیز- بەشێك لە گەنجانی کورد ناوەکانیان دەگۆڕن...

# بەشی شەشەم:

# چ بکرێت باشە؟!

## پێشنیارو راسپاردەکان

لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا، کە هەر چوار دەوری بەدوژمن‌و، نەیاری جۆربەجۆر تەنراوەو، هەڕەشە لە ناسنامەی نەتەوایەتیمان دەکەن، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی (گەڕانەوە بۆ نەتەوە)، پێش هەموو شتێك دەبێت بەشێوەیەکی کارا کار لەسەر ئەو پێشنیارو بۆچوونانە بکەین... چونکە ئەگەر خەمساردیمان لێکرد، لەوانەیە پاش چەند دەیەیەکی تر، تەواوی سیماکانی تایبەت بە کۆمەڵگەکەمان ون ببێت‌و، بەدەگمەن بتوانین شانازییەکانمان، دەستنیشان بکەین، هەر بۆیە دەبێت:-

١- دەزگا حکومی‌و ئیدارییەکانی کوردستان، رۆشنبیران، سیاسەتمەداران، هەڵمەتێکی فراوانی هوشیاریی نەتەوەیی دەستپێبکەن‌و، هەموو رەهەندەکانی نەتەوە بوون روونبکەنەوە.

٢- مامۆستاکان لەخوێندنگەکاندا گرنگی ئەم لایەنە بۆ منداڵان روونبکەنەوەو، جەخت لەسەر خۆشی‌و گرنگی ناوی کوردی بکەنەوە.

٣- دەزگا بەرپرسەکان، بەتایبەتیش بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو شارەوانییەکان، ناوی دەزگاو خوێندنگاکان، گەڕەك‌و شەقام‌و باخچەو شوێنە گشتییەکان، بەکوردی ناودێر بکەن.

٤- بە هەموو شێوەیەك دژایەتیکردنی ناودێر کردنی مندالآن بەناوێکی بێگانەو غەیرە کوردی بکرێت... ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، ئێمە لەسەرچاوەیەکی شۆڤینیەوە هەلوێست وەردەگرین، بەقەد ئەوەی نەتەوەیەکی چەوساوەو ژێردەستە بووینەو، هەولی پاراستنی سیماکانی نەتەوایەتی خۆمان دەدەین...

٥- مەلاو پیاوە ئایینییەکان، لەگوتاری رۆژی هەینیو، بۆنە ئایینیو نەتەوایەتییەکاندا، بەو ئەرکە نیشتمانییە هەلسنو، خۆیان یەکەم کەس بن، ئەم پێشنیارانە بخەنە واری جێبەجێکردنەوە... ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەین... چونکە گومانمان لەوە نییە کە ئەو ئایینە (ئایینی زۆرینەی خەلکی کوردو کوردستانەو، داکۆکی لێکردنیو بایەخپێدانی ئەرکێکی ئایینییە، بەلآم بۆ کورد لەم رۆژگارەدا مەرج نییە پرەنسیپێك بێت بۆ چەسپاندنی ناسنامە)[1].

٦- دەزگا راگەیاندنەکان (تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، گۆڤار)ەکان، لەم رووەوە لەهەولی هۆشیار کردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدابن، چونکە لەم قۆناخەدا (ناسیۆنالیزمی کوردی بریتییە لەسیاسەتی سەلماندنی هەویەی نەتەوەیی کوردی)[2].

هەق وایە رۆژنامەکان بەبێ بەرامبەر ئەو جارنامانە بلآوبکەنەوە، کە خاوەنەکانییان دەیانەوێت ناوەکانی خۆیان لەناوێکی غەیرە کوردی بکەنەوە بە کوردی.

---

١- موسلێح ئیروانی، ئیسلامو ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، ل١٣٨.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

٧- نەتەوە پێشکەوتووەکانی جیهان، کاتێك کە منداڵێك لەدایك دەبێت، دیاری پێشکەش دەکەن... با لای ئێمە، نەخۆشخانەو دەزگاو رێکخراوە مەدەنییەکان، دیاری پێشکەش بەو دایكو باوکانە بکەن کە ناوی کوردی لەمنداڵەکانیان دەنێن...

٨- وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بەجدیی و جورئەتەوە بەدوای ئەو پرۆژە یاسایەیدا بچێت کە بۆ ناولێنانی شوێنە بازرگانییەکانو کاڵاکانو منداڵان، گەڵاڵەی کردووە، کە خۆی لەچواردە مادده پێکهاتووە[1]. هەر هیچ نەبێت، دەبێت هەوڵ بدات ئەو ماددانە جێبەجێبکرێنو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات:

- ماددەی (٢): دەبێت ناونان لە هەموو فەرمانگەکانی دەوڵەتدا بەزمانی کوردی بێت.

- ماددەی (٤): مرۆڤ ئازادە لەناونانی گەڕەكو شوێنی کار، بەو مەرجەی ناوەکەی کوردی بێت.

- ماددەی (٥): لەکاتی لەدایکبوونی منداڵدا، لەسەر فەرمانگە پەیوەندیدارەکان پێویستە مۆڵەتی دەرکردنی بەڵگەنامەی لەدایکبوون نەدەن ئەگەر ناوی منداڵەکە کوردی نەبوو.

- ماددەی (١٢): رێگە نادرێت هیچ داواکارییەك بەمەبەستی گۆڕینی ناوێکی کوردی پێشکەش بکرێ، تەنیا مەگەر ئەو ناوەی پێشنیار دەکرێ بخرێتە جێی ئەویش کوردی بێت.

---

١- پرۆژەیاسای وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، رۆژنامەی (میدیا) ژمارە (٣٠٨)، ٢٥/٩/٢٠٠٧، ل١٣.

- ماددەی (١٤): هەر کەسێك سەرپێچی دەقەکانی ئەو یاسایە بکات بە سێ مانگ زیندانی یان پێنج سەد هەزار دینار سزا دەدرێ، یاخود هەردوو سزاکەی پێکەوە بەسەردا دەسەپێندری[1].

٩- مادام داگیرکەران ئەوەندە هەستییان بە گرنگی ئەم مەسەلە هەستیارە کردووە، بۆچی ئێمەی خاوەن کێشەکە، فەرامۆشی بکەین‌و، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەوەی داگیرکەران دەیانەوێت، ئێمە بەویستی خۆمان جێبەجێی بکەین؟!

١٠- هەق وایە، وەزارەتی رۆشنبیریی ئەو رۆژنامانە سزا بدات کە جارنامەی ناوگۆڕین (لە کوردییەوە بۆ بیگانە) بڵاو دەکەنەوە.

---

١- هۆکارەکانی دەرکردنی ئەو پرۆژەیاسایە (بەبۆچوونی وەزارەتی رۆشنبیریی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نەتەوەی کورد زمانەکەی پڕ بووە لەوشەو زاراوەی عەرەبی‌و تورکی‌و فارسی- بۆ رزگاربوون لەم هەموو وشەو زاراوانە پێویستە خەڵکی هوشیار بکرێنەوە... هەروەها ئەو ماددانە بەسەر ئەو هاوولاتیانەدا جێبەجێ ناکرێن کە لەکوردستاندا دەژین‌و سەر بە نەتەوەکانی ترن، هەروەك لەماددەی (٩)دا هاتووە: (بڕگەکانی ئەو یاسایە ئەوانە ناگرێتەوە کە بەڕەگەز کورد نین‌و دانیشتووی هەرێمی کوردستانن).

# ئەنجام

ناو، هەروەك لە پێناسەکەی رادیارە، هۆکارێکە بۆ ناسینەوەو لەیەکتر جوداکردنەوەی تاکەکانی یەك رەگەز، هەر بەو هۆیەشەوە، لەگەڵ بیستنی، کۆمەڵێك رووداوی خۆشو ناخۆشو، بیرەوەریو، تامو چێژو، جوانیو ناشیرینیو، مۆراڵو... تاد، وەبیریان دێنێتەوە، بەکورتی ناو تەنها کۆدێکە بۆ چوونە ناو دۆسییەیەکی گەورەو، کردنەوەی چەندان پەنجەرەو دەرگا بەڕوومان‌دا...

هەر نەتەوەو گرووپو ئاینو ئایینزایەکیش، ناوی تایبەت بەخۆیان هەیەو، لەڕێگایانەوە دەتوانین تاکەکان سەر بە نەتەوەو، ئاینو ئایینزاکان بکەینەوە. داگیرکەرانی کوردستانیش لەبەر گرنگیو هەستیاری ئەو بابەتە، هەرچی لەتوانایاندا هەبووبێت دژ بە گەلی کورد ئەنجامیانداوە... بۆ بزر بوونی سیماکانی نەتەوەکەمان، لەهەر چوار پارچەی کوردستان، ناوی سەدان دێهاتو چیاو نەوالو شارو شارۆچکەو، مزگەوتو خوێندنگاکانیان، لەناوی شیرینی کوردی، بۆ عەرەبیو تورکیو فارسی، گۆڕیووە... هەر بەوەش نەوەستاون، بەدەرکردنی بڕیارگەلێك ناولێنانی کوردییان قەدەخە کردووە.

وەك ئاشکراشە، داگیرکەرانو ئەو خەڵکە کوردەی وابەستەی ئەوانن، یارمەتییەکی باشی بەجێگەیاندنی ئەو پرۆسەیان داوە. هەندێك خەڵکی خۆشمان هەمان ئەو قەوانە سواوەی نەتەوە سەردەستەکان لێدەدەنەوە کە گوایا ناوی عەرەبیو ئیسلامی، ناوی پیرۆزنو هەر کەسێکیش ئەو ناوانە لەمنداڵەکانیان نەنێن، ئەوە وابەستەییو هەستی ئایینییان کزو لاوازە، هەرچەندە ئەو پروپاگەندەو بۆچوونانەش هیچ بنەمایەکی زانستی نییە،

چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام (بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی) لەسەردەمی پێغەمبەرەوە تائێستاکەشی لەگەڵدا بێت، هیچ کاتێك ڕێگر نەبووە لەبەردەم ناوزەدکردنی شوێن و کەسەکان، بەناوی تایبەتی نەتەوەکانەوە...

لەگەڵ ئەو ڕاستییانەشدا لەباشووری کوردستاندا، پاش ڕاپەڕین و بەرقەرار بوونی ئازادی و دەسەڵاتی خۆماڵی، ئەوجا لەبەر زۆری ناوی عەرەبی، خەریکە ناوی ڕەسەن و شیرینی کوردی لەکۆمەڵگەکەماندا بزر بێت، یان بەرەو بزربوون هەنگاو بنێت.

بەسەیر کردن و لێوردبوونەوەیەکی سەرپێیش ئەو ڕاستییە زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت... پۆلەکانی خوێندن و، دۆسییەکانی فەرمانگەکانی ڕەگەزنامەو باری کەسێتی و، نووسینگەی تۆمارکردنی لەدایکبوون و مردووان، بوون و بەربڵاوی ئەو دیاردەیە، تۆختر دەکەن. دەتوانین بڵێین قۆناخی زێڕینی ناوی کوردی سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ بووە، کە ڕێژەی ناولێنان (شاری هەولێر وەك نموونە)، لە ٨٤,٥٠٪ بووە. پاش تێپەڕبوونی دوازدە ساڵ بەسەر ئەو قۆناخە زێڕینەدا، ئەوجا ڕێژەکە ٦٦,٥٠٪یەو، نەگەیشتۆتەوە قۆناخە زێڕینەکە.

پێش ڕاپەڕین، دیاردەی ناولێنانی منداڵان بەناوی کوردی، زۆر بەربڵاوتر بوو... بەشێکی زۆری مەلاو پیاوە ئایینییەکانی کوردستانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەکوردانـدنی ئەو دیاردەیە... مەلا هەبووە، هەموو منداڵەکانی خۆی بەناوی کوردی ناوزەد کردووە، کەچی منداڵەکانی ئەو، هەموو منداڵەکانی خۆیانیان بەناوی عەرەبی ناودێر کردووە...

شتێکی سەیرە ئەمڕۆکە گەنجێکی کورد بێتو لەدادگا سکاڵا تۆمار بکاتو، ناوی خۆی لە (ئازاد، رزگار، مژدە)ەوە بکاتە (عەبدولباری، ئەیمەن، رەیان)!!

بێدوو دڵیش دەتوانین بڵێین" ئەو شەپۆڵە جیهانگیرییە ئیسلامییەی کە کوردستانی ئێمەشی گرتۆتەوە، هۆکارێکی بنەڕەتیو سەرەکی، بەربڵاو بوونی ئەو دیاردەیە. لەپاڵ ئەو هۆکارەش، ناگوزوری کۆمەڵایەتیو، بەربڵاوی گەندەڵیو، دیاردە دزێوەکانو، تۆختر بوونی رکابەرایەتی حیزبایەتی خۆماڵیو، ئەولەویەت دان بە ئینتیمای حیزبی پێش نەتەوەیی لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، چەند هۆکارێکی ترن بۆ زەمینە خۆشکردنی سەوز بوونی ئەو دیاردە نامۆیە...

تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە، مایەی نیگەرانیو هەڵوەستە کردنو تێڕامانە... ئەوە هەڵدەگرێت، بەشێوەیەکی زانستیو، دوور لە هەستی دەمارگرژیی نەتەوەیی، هۆکارەکانی کاڵبوونەوەی ئینتیمای کوردایەتی لەناو کۆمەڵگەدا دەستنیشان بکەینو، بۆ رێگەگرتن لەو دیاردەیە، ئەو رێوشوێنانە بگرینەبەر، کە دەکرێت بەشێوەیەکی عەمەلی پیادەیان بکەین.

# سەرچاوەکان:

## ● کتێب


- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەبوبەکر خۆشناو لەفارسییەوە کردوویە بە کوردی، لەبڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران لەهەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.
- سەید مەولود بێخاڵی، هەولێرم وادیوەو بیستووە....، بەرگی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
- سلمان إبراهيم داوي، الكرد، العرب والبعث، برلين، ٢٠٠٢.
- رجائي فايد- أحمد بهاءالدين، أوجلان الزعيم... والقضية، القاهرة، ١٩٩٩.
- غەفوور مەخمووری، بەعەرەبکردنی کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (٢٣)، هەولێر، ٢٠٠٢.
- موسڵیح ئیروانی، ئیسلامو ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا سەرەتایەک لەبارەی کۆمەڵناسیی ئایینییەوە، بڵاوکراوەی دەزگای (ئاراس)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣.


## ● گۆڤار:


- تۆڵە مەهدی، کتێب بە کیلۆ، گۆڤاری (کۆوار)، ژمارە (٢٢)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧.
- گۆڤاری (رابوون)، ژمارە (٢٠)، ساڵی ١٩٩٧، سوێد.
- غازی حەسەن، خوێندنی زمانی کوردیو سیاسەتی بەعەرەبکردنو راگواستنی کەرکوک پیلانی جینۆسایدە، گۆڤاری (پەیامی ئازادی)، ، ژمارە (٣-٤)، ئادارو گەلاوێژی ٢٠٠٢، بەرلین.

- گوشاد حەمەسەعید، ناوی کوردیو دابونەریتەکانی ناونان لەکوردەواریدا، گۆڤاری (هەلاڵە)، ژمارە (٣)، گەلاوێژی ١٩٩٩، ئەڵمانیا.
- مەجید پوور، شیکردنەوەیەك لەسەر پێداچوونەوەیەك، بەشی دووهەم، گۆڤاری (هاوار)، ئەڵمانیا، ژمارە (١٣)، بەفرانباری ٢٠٠٣.
- مەریوان وریا قانیع، ناسیۆنالیزمی دوور مەودا کورد لەدەرەوەی کوردستاندا (دۆخی هۆڵەندا) رەهەند، ژمارە (٩-١٠)، ساڵی ٢٠٠٠.
- محسن عبدالرحمان، ناڤ... ناسناما نەتەوەیی، گۆڤاری (هاڤیبوون) بەرلین، ژمارە (١٢-١٣)، ٢٠٠٢و ٢٠٠٣.

● رۆژنامە:

- ئیسماعیل بێشکچی، رۆشنبیرانی کورد ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، وەرگێڕانی لەتورکییەوە" شکریە ساڵحو فرات کەلەهکی، کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٧٠٢)، ٢٠/٦/٢٠٠٥.
- (ئاسۆ)، ژمارە (٤٨٩)، ٢٥/٧/٢٠٠٧و ژمارە (١١٦، ٢١/٧/٢٠٠٥.
- پشتیوان جەمال، ئوسامە لە سلێمانییەو موفتەداش لە کەرکوك، (هاولاتی) ژمارە (٢٣٤)، ٢٧/٧/٢٠٠٥.
- دیار عەزیز- بەشێك لە گەنجانی کورد ناوەکانیان دەگۆڕن، کوردستان راپۆرت، ژمارە (٣٠٠)، ٢٥/٩/٢٠٠٧.
- سەبیحە محەمەد، زمانو هوشیاری نەتەوەیی، ناو لێنانی منداڵ وەك نموونە، (خەبات) ژمارە (١٩١٦)، ١٤/٩/٢٠٠٥.
- عیماد زەنگەنە، لە کەرکوك ناوەکان دەکرێنەوە بە کوردی، کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٣٨٨)، ٢/١٠/٢٠٠٧.

- مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتگی، ناوی کوردی... ڕەهەندێکی بەهێزی ناسنامەی نەتەوایەتیمانە، میدیا، ژمارە (٣١٠) ٩/١٠/٢٠٠٧.
- میدیا، ژمارە (٣١٦)، ٢٧/١١/٢٠٠٧.
- یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کێ دەڵێت ناوی کوردی حەرامە؟! کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٤٥٨)، ٢٩/٨/٢٠٠٤.

● ماڵپەڕ:
- پەیامنێر، www.peyamner.com، ٢١/١/٢٠٠٥.
- کوردستان نێت، www.kurdistannet.org، ١/٦/٢٠٠٥.
- کوردیش پلاتفۆرم، www.kurdishpLatform.org، ١٩/١١/٢٠٠٤.
- الشرق الأوسط، asharqalawsat.com، ٢١/٣/٢٠٠٦.
- پیوک میدیا، www.pukmedia.com، ٢/٨/٢٠٠٥.
- هاوڵاتی، www.hawLati.com، ٣٠/٩/٢٠٠٧.

# سوپاس و پێزانین:


لەڕووی ئەمەك و وەفادارییەوە، زۆر سوپاسی بەڕێزان:-

- فەرەیدون عەبدولڕەحیم- بەڕێوەبەری خۆیەتی فەرمانگەی تۆمارکردنی لەدایکبوون و مردووان- هەولێر و تەواوی کارمەندانی بەشی تۆمار.
- سابیر حوسێن شێروانی- بەڕێوەبەری خوێندنگای (ئەستێرە)ی سەرەتایی هەولێر.
- هاوڕێ سەمەد و وارڤان موەفەق خدر، دەکەم کە هەریەکە و بەشێوەیەك لەشێوەکان هاریکارییان کردم و، ڕۆڵییان هەبوو لە ئامادەکردن و بەئەنجامگەیاندنی ئەو لێکۆڵینەوەیە... نموونەیان زۆر بێت.

# پێرست


| | |
|---|---|
| * پێشەکی | ٤ |
| * بەشی یەکەم: ناو ناسنامەیەکی نەتەوەییە | ٧ |
| * بەشی دووەم: ناو لەڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە | ٢٠ |
| * بەشی سێیەم: ناوی کوردی لەنێوان سالآنی ١٩٩١-٢٠٠٧دا | ٢٤ |
| - هۆکارەکانی هەڵکشانی ناوی عەرەبی و دابەزینی ناوی کوردی. | ٣٠ |
| * بەشی چوارەم: ناو گۆڕین لەرۆژنامەی ( خەبات )و ( یەکگرتوو )دا وەك نموونە | ٣٨ |
| - جارێکی تریش ناو گۆڕین | ٤٦ |
| * بەشی پێنجەم: هۆکارەکانی ناولێنان و ناوگۆڕین: | ٥١ |
| - بەندی یەکەم: هۆکارەکانی ناولێنان | ٥١ |
| - بەندی دووەم: هۆکارەکانی ناوگۆڕین | ٦٠ |
| * بەشی شەشەم: چ بکرێت باشە؟! پێشنیارو راسپاردەکان | ٦٩ |
| * ئەنجام | ٧٣ |
| * سەرچاوەکان | ٧٦ |
| * سوپاس و پێزانین | ٧٩ |
| * ناوەرۆك | ٨٠ |

ismail tenya



# Bizirbunî Nawî Kurdî Le komelgei kurdewarida

Hewler 2008

له بڵاوکراوه‌کانی ده‌زگای چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی بدرخان

چاپخانه‌ی ڕۆژهه‌ڵات/هه‌ولێر